# ئاوێنەی جادوو



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

ئێرینا ژیلزنۆڤا

# ئاوێنەی جادوو

## کۆمەڵە ئەفسانە

وەرگێڕانی:

**حوسێن شێربەگی**



کتێب: ئاوێنەی جادوو – کۆمەڵە ئەفسانە
نووسینی: ئێرینا ژیلزنۆڤا
وەرگێڕانی: حوسێن شێربەگی
نووسیار: فەخرەدین ئامێدیان
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٦٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٥٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

## وتەیەک لەبری پێشەکی:

منداڵان و مێرمنداڵانی ئێمە، یانی داهاتووی ئەم وڵات و نیشتمان و کۆمەڵگا و جەماوەرە؛ کە دیتم ئەم خۆشەویست و جگەرگۆشانە زۆر لە یاد چوونەتەوە و فەرامۆش کراون و کاری ئەدەبی و هونەرییان بۆ ناکرێ، بەزۆر کەسم وت چالاکی ئەدەبی و هونەری پێشکەش بەم ئازیزانە بکەن و بەیادیان کەنەوە. ئاخری قسە و باس هاتە سەر ئەوەی کە بۆخۆم قۆڵی لێ هەڵماڵم و دەسپێکەرێکی تازەی ئەم قۆناغە تازە بم و چیرۆک بۆ منداڵان و مێرمنداڵان بنووسم و وەرگێڕم.

بەم مەبەستەوە سێ کتێبم وەرگێڕانە سەر زبانی کوردی کە ئەم بەرهەمە یەکەمینیانە. بەو هیوایەی ئەم ڕێگە و ڕێبازە، ڕێبواری زۆر بێ و منداڵان و مێرمنداڵانمان لە خوێندن و نووسینی کتێبی کوردی بێبەش نەبن.

ئەم وەرگێڕانە لە ڕووی کتێبی جادووی ئێرینا ژیلزنۆڤا بە وەرگێڕانی فارسی، شەهین نەورۆزی باستانی، چاپی ١٣٧٨ی تاران، بڵاوکەرەوەی جوویا، بەئەنجام گەیشتووە.

وەرگێڕ

داربڕی دلۆڤان

لە ڕۆژگاری پێشوودا داربڕێک لە ڕۆخی دارستانێک دەژیا. ڕۆژێک ڕووی کردە نێو دارستانەکە تاکو بڕێک دار ببڕێ و بۆ ماڵێی بەرێتەوە. کابرای داربڕ، لە شانی دارە سەرووێک وێسا و تەورداسەکەی هەڵێناوە. دارە سەروو بەتکا و نزاوە گوتی:

«داربڕ مەمکوژە؛ من لاوم و لک و پۆپی تازە و بچکۆڵەم هەیە.»

داربڕ بەزەیی بەحاڵی دارە سەروودا هات و ڕووی کردە دار بەڕوویەک و دەیهەویست بەتەورەکەی لێی بدات، دار بەڕوو بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

«داربڕ مەمکوژە؛ بەڕووی من هێشتا کاڵن و بێتوو لە نێو بچن ئیدی هیچ دارە بەڕوویەک ناڕوێ.»

داربڕ بەزەیی بەدارە بەڕوودا هات. ڕۆیشتە بن دارە کاجێک و



دەیهەویست بیبڕێتەوە. دارە کاج کە تەوری لە دەست ئەودا دیت، بە گریانەوە گوتی:

«ئەی داربڕ من منداڵانی بچکۆڵەم هەیە کە لەسەر لک و پۆپی من دەژین. بەرهەم و بەرەکەم دەڵێم. بێتوو بمکوژی هەموو بنیادەمەکان دەمرن.»

داربڕ دڵی بەویش سووتا و وازی لێ هێنا. ئەمجار ڕوویکردە چنارە ئەفراییەک و ویستی وەبەر تەوری دات. چنارە ئەفرا پاڕاوە و گوتی: «ئەی داربڕ پەپوولە و زەردەواڵە لە شیلەی من دەخۆن؛ بێتوو بمکوژی ئەوان لە برسان دەمرن.»

داربڕەکە دڵی بەویش سووتا و چووە شوێن سپیدارێک. سپیداریش گوتی:

«داربڕەکە! من بەگەڵاکانم سێبەر پێک دێنم و ڕێبواری ماندوو لە ژێر نسێی مندا دەحەسێتەوە؛ ئێستا تۆ دەتهەوێ من بشکێنی؟»

داربڕ سپیداریشی نەبڕی. وەحاسڵ ڕووی کردە هەر دارێک، دڵی بەو دارە سووتا و نەیتوانی بیبڕێتەوە؛ دارێک بەری بوو. دارێک سێبەری بوو. دارێک دیمەنی جوانی بوو. دەوای دارێک بۆ دەوا و دەرمان کەڵکی بوو؛ وەحاسڵ هەموو دارێک کەڵک و قازانجی بوو. ئاخرێکەی ماندوو بوو و لەسەر دارێک دانیشت و بەخۆی گوت:

«نەمدەزانی داریش دەتوانێ قسان بکات. ئێستا کە ئەوە دەزانم چی بکەم؟ من دڵم نایە دارەکان ببڕمەوە. بەڵام کاتێک چوومەوە ماڵێ چ وەڵامێک بە ژنەکەم بدەمەوە؟» هەر لەو کاتەدا چاوی بەپیاوێکی پیری وردیلەی ڕیش سپی کەوت، کە لە نێو دارەکانەوە بەرەو ڕووی دەهات. لیباسی پیرەپیاو لە پێستی دار بوو؛ کەوش و کڵاوەکەشی لە گەڵای دار بوو. پیاوە پیرە بەکابرای داربڕی گوت: «سەلاموعەلەیکم. ئەوە بۆ

دڵتەنگی؟ بڵێی شتێک تۆی نارەحەت کردبێ؟»

داربڕ وەڵامی داوە: «بە هۆی چییەوە سەرخۆش بم؟ من هاتمە نێو دارستان بڕێک دار ببڕمەوە؛ بەڵام نەمتوانی خۆم ڕازی بکەم و دارێک بشکێنم. دارەکانیش وەک ئێمە هەستیان هەیە و قسان دەکەن. ئەوان لێم پاڕانەوە و دڵم پێیان سووتا.»

پیرە پیاو بزەیەکی هاتێ و گوتی: «تۆ پیاوێکی دڵۆڤانی. ئەی داربڕ! من سپاست دەکەم و دەمەوێ بەهۆی دڵۆڤانی تۆوە پاداشتت بدەمێ. لەمەو بەدوا شانس و ئیقبال ڕووت تێدەکا و ئیدی پێویستت بەداربڕی نامێنێ؛ بەڵام وشیاربە بەتەماح نەبی؛ ئەگینا شەیتان فریوت دەدا. ئەم گۆچانە زێڕینە بگرە وەک چاوی خۆت ئاگاداری لێ بکە.»

پیرە پیاوی وردیلە، گۆچانە زێڕینەیەکی دا بەکابرای داربڕ کە بەقەرایی دەرزییەکی لێفە دوورین دەبوو. پێشی گوت: «هاتوو پێویستیت بە شتێک بوو، ئەم گۆچانە ڕاوەشێنە. هاتوو ماڵت ویست ئەم گۆچانە لەسەر شارەمێرووله ڕاوەشێنە؛ دەم و دەست ماڵێکی جوانت بۆ پێکدێ. هاتوو برسیت بوو لەسەر مەنجەڵ یان قابڵەمە ڕایوەشێنە؛ هەر چێشتێکی خۆشی بتەوێ لە مەنجەڵتدا تەیار دەبێ. هاتوو شەربەتت ویست گۆچانەکە بەرەو داری چنار ئەفڕا ڕاوەشێنە تاکو شەربەتی خۆشنۆش لەبۆت حازر بێ. بێتوو ئیشتیات لە میوە بوو گۆچانەکەت بەرەو داری سێو یان هەرمێ ڕاوەشێنە، میوەی گەییوی شیرین بەسەر لاقتدا دەوەرێ. بێتوو جلوبەرگت ویست بەرەو کرمی هاوریشم ڕایوەشێنە؛ پارچەی جوانی هاوریشمیت بۆ ساز دەبێ. ئەگەر هەنگوینت دەوێ، بەرەو کوارڕ و پلۆرە ڕایوەشێنە؛ پڕ لە هەنگوین دەبێ. تەواوی ئەم بەر و بار و بەرهەمانەت لە بری ئەو چاکەی لەگەڵ منداڵانی من – دارەکانی ئەم دارستانەدا – کردت، وەچنگ دەکەوێ؛ چونکە من باوکی دارستان و میری ئێرەم.»



پیرە پیاوی وردیلە؛ بەرێزەوە بەرەو داربڕ نووشتاوە؛ سپاسی کرد و لە چاو ون بوو. داربڕ بەرەو ماڵێ وەڕێ کەوت. ژنی داربڕ ژنێکی بەدفەڕ بوو. ئەو ژنە کاتێ دیتی مێردەکەی دەست بەتاڵ بەرەو ماڵێ دێتەوە بەرەو ئەو ڕای کرد و نەڕاندی:

«ئەی کوانێ دار و شووڵ و فریزوو؟»

داربڕ گوتی: «من دڵم نەهات دارەکان ببڕمەوە.»

ژنەکەی کاتێ ئەم قسەی بیست، تووڕەتر بوو و گوتی: «ئێستا بەشووڵە تەڕ تێبەرت دەبم و کوتانێکی باشت دەکوتم؛ تاکو بۆت ببێتە عیبرەت».

جا ژنە دەستی دا شووڵە تەڕ؛ بەڵام داربڕ گۆچانە زێڕینەی ڕاوەشاند و لە بن لێوڕا گوتی: «ئەی شووڵە تەڕ خێزانم تەمێ کە». هێشتا ئەم قسەی لە زار نەهاتبووە دەر، دارەکان بەربوونە سەروگوێلاکی ژنە. ژنە هاواری لێ هەستا: «ئای بگەنە فریام؛ تکا دەکەم مەمکوتن.»

کاتێ داربڕ دیتی ژنە تەمێ بووە، گۆچانەکەی ڕاوەشاند و شووڵە تەڕ ڕۆیشتەوە سەر جێگەی خۆی.

داربڕ چوو بۆ دارستان و شارە مێرووڵەیەکی دیتەوە و گۆچانەکەی ڕاوەشاند و گوتی: «ئەی مێرووڵەکان ماڵێکم بۆ دروست کەن.» گەڕاوە کۆخەکەی خۆی. سبەینێ بەیانی، کاتێ لە خەو هەستا تەماشای کرد ماڵێکی جوانی بۆ ساز کراوە. لەمەو بەدوا لەو دەوروبەرەدا کەسێکی خۆشحاڵ و شادمانتر لەو نەدەبینرا. ئیدی پەرۆشی چێشت و خواردەمەنی نەبوو؛ چونکە هەر کاتێ ئیشتیای هەر چێشتێکی کردبایە، مەنجەڵەکەی پڕ لەو چێشتە دەبوو. هەر لیباسێکی بویستایە کرمی هاوریشم بۆی حازر دەکرد. گایەل مەزراکەیان بۆ دەکێڵا و مێرووله گەنمیان بۆ دەچاند و دەیاندووریەوە. ژنەکەشی لەوەبەدوا لە ترسان بەدفەڕی نەدەکرد.

خۆشەویستان! ئێمە دەزانین کە لەم دنیایەدا زۆر کەس پێیان خۆشە لە

جێگەی داربڕدا بوایەن؛ بەڵام داربڕ پیاوێکی دلۆڤان بوو و چ تەماحێکی نەبوو و ئاوات و هیوا و داخوازی سەیر و سەمەرەی نەبوو. ئەو لەسەر ئەم دنیایە تەمەنێکی درێژ و پڕ لە کامەرانی و شادمانی بوو و کاتێ سەردەمی کۆچی دوایی هات، ئامۆژگاری منداڵەکانی کرد کە لەگەڵ خەڵک دلۆڤان بن و بەتەماح نەبن.

منداڵەکانیشی ئامۆژگاری ئەویان بەجێ هێنا و لە گۆچانە زێڕینە بەقەرایی ژیانیان داوایان دەکرد. تاکو ڕۆژێک ئەم گۆچانە کەوتە دەستی کابرایەکی بەتەماح و گەلحۆ و ئەم داڵ بەداڵ داخوازی سەیر و سەمەرەی دەکرد. ڕۆژێک لە گۆچانەکەی ویست خۆر لە زەوی نزیکتر کاتەوە، تاکوو پشتی گەرم کاتەوە خۆر لەم داخوازە تووڕە بوو و ئەوەندەی تیشک بەرەو کابرای گەلحۆ هاویشت تاکو کابرا و هەم ماڵەکەی ئاوریان تێ بەربوو. گۆچانە زێڕینەکەش لە گەرمادا تواوە و لە نێو چوو. دارەکان ئەم ڕووداوانەیان دیت؛ بەڵام خۆر ئەوەندە تووڕە بوو، هەموو شوێنێکی داغ داگەڕاند. دارەکان ترسان و زبانیان لەگۆ چوو و لەوە بەدوا ئیدی نەیانتوانی قسان بکەن.



# ورچ و کیژی دلۆڤان

عەیام و سەردەمایەک وەرزێڕێکی پیر بوو کە لەگەڵ کچەکەیدا دەژیا. خێزانی چەند ساڵێک پێشتر مردبوو. هەموو خزم و کەسی کابرا لە ئەوبەری دارستان دەژیان و وەرزێڕ و کچەکەی بەتەنیا لە ئەمبەری دارستان بوون. ڕۆژێک وەرزێڕ ڕای هاتە سەر ئەوەی سەرێک لە خزم و کەسەکەی بدات. کچەکەی ئامۆژگاری کرد ئاگاداری خۆی بێت تاکو ئەو دەگەڕێتەوە. وەرزێڕ وەڕێ کەوت و گەیشتە دارستان. دارستانەکە زۆر چڕوپڕ بوو؛ بەڵام وەرزێڕ ڕێگەی خۆی دیتەوە و لە دارستان تێپەڕی. چەند ڕۆژێک لە لای خزمان بوو. هەموویان ساخ و سەلامەت بوون. پاش چەند ڕۆژ وەرزێڕ گەڕایەوە. لە ڕێگەدا - کاتی شێوان - گەیشتە دارستان و ڕێگەی ون کرد. دارستان ئەوەندە چڕوپڕ بوو کە نەیدەزانی لە کام لاوە بڕوات و هەر بەدەوری خۆیدا دەخولاوە. جاروبار لە نێوان لک و پۆپی دارەکانەوە تیشکێکی وەبەر چاو دەهات و حەولی دەدا خۆی بگەیەنێتێ. وای بۆ



دەچوو کە دەبێ کۆخێکی دێهاتییانە لەم دەوروبەرە بێت؛ بەڵام نەیدەزانی چۆن خۆی لە نێو دارەکانەوە دەرباز کات. ئاخرییەکەی بەزەحمەت و زۆرێکی زۆر، چووە پێشێ و تێگەیشت کۆشکێکی گەورە لەوێیە. لە پێشدا نەیدەویست بچێتە نێو کۆشکەکە؛ چونکە وایدەزانی وەرزێڕێکی ئاساییە و بەشقەم خاوەنی کۆشک خۆشی لە چاری ئەو نەیە؛ بەڵام وەیادی هاتەوە جێگەیەکی دیکە نییە تاکو ئەو بچێت؛ دەسا چووە نێو کۆشکەکە. کابرا سەری بەهەموو ژوورەکاندا کرد؛ بەڵام کەسی بەرچاو نەهات. لە ناکاو ورچێکی گەورە وەدەرکەوت و بۆلای هات. ورچە لێی پرسی: «لێرە چ دەکەی؟» وەرزێڕ ترسا و بەزەینیدا هات ورچە لەت لەتی دەکات؛ بەڵام ورچە کارێکی بەو نەبوو. ورچە دیسانەکە پرسی: «لێرە چی دەکەی؟ بلێی بتوانم یارمەتیت بدەم؟» وەرزێڕ وەڵامی داوە: «من لەماڵی خزمان دەگەڕامەوە و لە دارستاندا ڕێگەم ون کرد و لە تاریکییاندا نازانم بۆ کوێ بچم. تکایە پێم بڵێ دەبێ ئەمشەو لە کوێ ڕابوێرم؟» ورچەکە گوتی: «دەتوانی ئەمشەو لەم کۆشکەدا ڕابوێری. جگە لە من کەسێکی دیکە لێرەدا نییە.»

وەرزێڕ دیتی هۆیەکی نییە لەم ورچە بترسێ؛ دەیجا خولقی ورچەی قەبووڵ کرد و ورچ بڕێک خواردەمەنی بۆ هێنا و بۆخۆیشی دانیشت و لەگەڵی خوارد. وەرزێڕ دیتی ورچە ڕاست وەکوو بەشەر شت دەخوا. لەپاش شێو خواردن - کە خۆیان بۆ خەوتن ساز دەکرد - وەرزێڕ دیتی کە ورچە لەسەر تەختەخەو دەخەوێ. ورچێکی عاجباتی بوو. بەتەنیا لە کۆشکێکی گەورەدا دەژیا وەک بنیادەمان دەیخوارد و دەخەوت. بەیانی ورچە بەرقەندەی بۆ وەرزێڕ هێنا و لێی پرسی: «ئێستا دەتەوێ چی بکەی؟»

وەرزێڕ وەڵامی داوە: «دەمەوێ بچمەوە بۆ ماڵێ.»

ورچە گوتی: «باشە بڕۆ». کابرا لە کۆشک هاتە دەرێ و بەڕێکەوت و

چووە نێو دارستانەوە؛ بەڵام سەیر ئەوە بوو بەهەر لایەکدا دەڕۆیشت هەر دەگەیشتەوە بەرامبەری کۆشکەکە. بانگی شێوان گەیشتێ و ئەو نەیتوانی ڕێگەی دەرباز بوون لە دارستان بدۆزێتەوە. دیسانەکە هاتەوە سەروسۆراغی ورچە و تکای لێ کرد تا ئەو شەوەش لە کۆشکەکەدا ڕابوێرێ. ورچە قبوولی کرد و ئەو شەوەش شێو جێی خەوی دایە.

بەیانی وەرزێڕ بە ورچەی گوت: «تکایە ڕێگەی ماڵەکەم پێ نیشان دە.» ورچە گوتی: «زۆر باشە؛ بەڵام دەبێت کچەکەت شووم پێ بکا.» وەرزێڕ دڵی نەهات کچەکەی بدا بەورچ، نەک بترسێ کچەکەی لەم کۆشکەدا نارەحەت بێت؛ بەڵکوو بیری دەکردەوە چۆن دەبێ کچ شوو بکا بە ورچ، دەیجا ڕێگەیەکی نەبوو بێجگە لەوەی خۆی بەتەنێ ڕێگەی دەربازبوون لە دارستان بدۆزێتەوە. دیسانەکەش چۆوە کۆشک و لە ورچەکەی داوا کرد ڕایگرێت. ورچە جێگە و خواردەمەنی دایە. بەیانی وەرزێڕ بە ورچەی گوت: «ڕێگەم پێ نیشان دە.»

ورچە گوتی: «زۆر باشە؛ بەڵام دەبێ کچەکەت شووم پێ بکا.» وەرزێڕ چاری نەما و ڕازی بوو؛ بەڵام فیکری دەکردەوە کچەکەی قەت قەبووڵی ناکات ببێتە خێزانی ورچێک. ورچە، لەگەڵ ئەو هات و زۆر بەڕێزەوە لەگەڵی دەجووڵاوە و ڕێگەی پێ نیشان دەدا. وەرزێڕ زۆر پەرۆش گەیشتەوە ماڵێ. کچەکەی زوو تێگەیشت شتێک قەوماوە. کچە پرسی: «کەسێک لە خزم و کەس نەخۆش بوو؟» وەرزێڕ لێبڕا هەموو شتێ بۆ کچە بگێڕێتەوە. کچە هەموو شتێکی گوێ دایە و لەپاشان گوتی: «ئەو ورچە هیچ ئازارێکی بۆ تۆ نەبووە تەنانەت یارمەتیشی داوی؛ دەیجا منیش ئازار نادات.» وەرزێڕ و کچە لەدوای چەند ڕۆژ وەڕێ کەوتن و چوونە کۆشک و ورچە پێشوازی گەرم و گوڕی لێ کردن. وەرزێڕ چەند ڕۆژێک لە کۆشکدا ماوە و دوایە مالاوایی کچەکەی کرد و بۆ ماڵەکەی خۆی گەڕاوە. کیژ لە



کۆشکدا ماوە و زۆر سەرخۆش بوو؛ بەڵام زەینی دابوویە ورچەکە شەوانە کەوڵەکەی دادەکەنێ و لەپاشان دەخەوێ. شەوێک کە ورچە کەوڵەکەی دەرهێنا، کیژ بێدەنگ چووە ژوورەکەی و کەوڵەکەی هەڵگرت. کیژ ورچەکەی خۆش دەویست و وای دانا بەو کارە ئەو شادمان دەکات. کیژ کەوڵەکەی هاویشتە نێو ئاگر و سووتاندی. کەوڵ سووتا و بوو بەخۆڵەمێش. ورچە کاتێ بەوەی زانی خەمبار و دڵتەنگ بوو و لەدوایە نەخۆش کەوت. کیژە نەیدەزانی چی بکا. ورچە بەجێ و بان کەوتبوو و هەر دەهات حاڵی خراپتر دەبوو. کیژە لە قەراخ جێگەوبانەکەی دادەنیشت و دەگریا؛ بەڵام گریانی ئەو یارمەتی ورچەی نەدا. ڕۆژی دووهەم و سێهەمیش ڕابوورد و کیژ وای بیر دەکردەوە ورچە چاک نابێتەوە و بێتوو ورچەی بمرێ ئەویش دەمرێ؛ چون ئەو ورچە زۆر دلۆڤانی لەگەڵدا کردبوو. بەڵام ڕۆژی سێهەم گوزەرا و شەوی سێهەم گەیشتێ و ئەویش تێپەڕ بوو. بەیانی کیژ ڕۆیشتە ژووری ورچە و بەسەرسووڕمانەوە دیتی ورچە بۆتە شازادەیەکی زۆر جوان. کیژ ئەوەندەی پێ خۆش و سەرخۆش بوو نەبێتەوە. کیژ داوای لێبووردنی لە شازادە کرد کە بۆتە هۆی نەخۆش خستنی ئەو؛ بەڵام شازادە تووڕە نەبوو هیچ، نەیدەزانی چۆن کچە سوپاس بکات. شازادە بۆ کیژەی گێڕاوە کە سیحربازێک ئەوی کردبووە ورچ و دەبایە کیژێکی دلۆڤان ئەو کەوڵەی بسووتێنێ، تاکوو دیسانەکە ببێتەوە بەشەر و ئێستاکە تەلەسم شکاوە. شازادە و کچی وەرزێڕ زەماوەندێکی گەورەیان ساز کرد و گشت خزم و کەسیان بانگهێشت کرد و میوانەکان تا توانییان خواردیان. وەرزێڕ نەیدەتوانی ئەوەی دەیدیت بڕوای پێ بکا؛ چونکە ورچە بووە لاوێکی زۆر جوان.

کیژە و شازادە لە وەرزێڕیان داوا کرد لەگەڵ ئەواندا بژی لەوە بەدوا ئەو سێیە پێکەوە دەژیان و هێشتاش کەیف خۆشن و بەداخەوە ئێمە نازانین لە کوێن دەنا سەرێکمان لێ دەدان.

# ئاوێنەی جادوو



هەبوو، نەبوو، زەمانی زوو پاشایەک بوو. ئەو شایە ماڵ و دەستەڵاتێکی زۆری بوو. بەقەدەرایی دە شا ماڵ و سامانی کۆکردبۆوە. ماڵ و سامانی زۆر ئەم شایەی ئەوەندە لە خۆبایی کردبوو کە پێی وابوو قەت پیر نابێ. بەڵام وانەبوو؛ چونکە عەیامی پیری بەسەر هەموو کەسێکدا دێت، چ دارا و چ نەدار. شا دایم و دەرهەم بیری لەم بابەتە دەکردەوە. شتی وا چۆن دەبێ کە ئەو پیر بێ؟ ئاخۆ نابێ لە نێوان ئەو و هەژارترین خەڵکی ئەم وڵاتەدا جیاوازی ببێ؟ ئەو بەقەدەرایی دە شا ماڵدارە؛ بەڵام قژی سەر و ڕیشی سپی دەبێ و هەڵدەوەرێ. شا سێ کوڕی هەبوو. ڕۆژێک دووانیانی بانگ کرد. کوڕە چکۆڵەکەی شا کوڕێکی دلۆڤان و ئاسایی بوو کە هەموو کەس گەپی پێدەدا؛ بەڵام ئەو کوڕێکی دڵپاک بوو و کاری ئەوانەی لە دڵ گران نەبوو.



شا بەدوو کوڕەکەی دیکەی گوت: «وەک بیستوومە لە جێگەیەکی سووچێکی گۆی ئەم زەوییەدا ئاوێنەیەک هەیە کە بێتوو کەسێک تەماشای کات لاو دەبێتەوە. نیوەی وڵاتەکەم دەدەم بەکەسێکی ئەم ئاوێنەیەم بۆ بێنێ، ئەم ئاوێنەیە وەچنگ خەن و شادم کەن. هەرچییەکتان دەوێ هەڵگرن و وەڕێ کەون.»

کوڕانی شا لەویان ویست فەیتوون و شەش ئەسپ و توورەکەیان زێڕ داتێ. لە دوایە سواری فەیتوون بوون و ئەمریان بەفەیتوونچی کرد وەڕێ کەوێ. ئەم هەواڵە بەگوێی کوڕە چکۆڵەی شا گەیشت. ئەویش هاتە لای بابی و داوای لێ کرد ئیزنی بدات تا بۆ دۆزینەوەی ئاوێنەکە بچێ؛ بەڵام شا پێکەنی: «کوڕێکی گەلحۆی وەکوو تۆ خۆی دەکوژێ. براکانت بێ تۆ چاکتر کارەکەیان جێبەجێ دەکەن.»

کوڕە چکۆڵەی شا لەو قسە زۆر دڵتەنگ بوو؛ بەڵام دیسانیش زۆری بۆ شا هێنا، تاکو لە ئاکامدا شا قبووڵی کرد و گوتی:

«زۆر چاکە؛ بەڵام ئەسپ و فەیتوون و توورەکە زێڕت نادەمێ. دەبێ دەست بەتاڵ بڕۆی و بێتوو تووشی گیروگرفتیش بێی دەبێ بۆخۆت خۆت ڕزگار کەی.»

بەڵام کوڕە چووکە شاد بوو کە ئیزنی ڕۆیشتنی وەرگرتووە. پووڵەکانی بژارد و دیتی تاقە دە سککەی هەیە کە بایەخی کڕینی ئەسپێک نابێ. سەبارەت بەوە ماینێکی لە کار کەوتووی کڕی و سواری بوو و وەڕێ کەوت. ماین بەدژوار بەڕێدا دەڕۆیی؛ بەڵام کوڕە چووکە دەربەست نەبوو و درێژەی بەڕێگەبڕین دەدا. کاتی ڕۆژئاوا بوو گەیشتە میوانخانەیەک و دیتی فەیتوونێک بەشەش ئەسپەوە لەوبەر دەرکە وێستاوە. بەخۆی گوت: براکانم لێرەن. دەچم و دەیاندۆزمەوە و لەگەڵ ئەوان پاشماوەی ڕێگەکە دەبڕم. کاتێ براکانی ئەویان دیت لە پڕمەی پێکەنینیان دا و گوتیان:

«کوڕە گێژە تۆ لێرە چی دەکەی؟» کوڕە گوتی: «منیش بۆ دۆزینەوەی ئاوێنەی جادوو وەڕێ دەکەوم. من لەگەڵ خۆتاندا بەرن بەکەڵکتان دێم.»

پێیان گوت: «گێژە بگەڕێوە و بڕۆ، بێتوو پەندێکت بەسەر بێ، ئێمە دەبێ وەڵامی بابمان بدەینەوە.» ئەم وەڵامە کوڕەی زۆر دڵتەنگ کرد. لە میوانخانە هاتە دەرێ و دیسان وەڕێ کەوت؛ بەڵام دوو براکەی هەر لەوێ مانەوە و جووڵەیان نەکرد و گوتیان: «گەلە گورگ ئەو و ئەسپەکەی دەخۆن و مەخابنی ئاوێنەی جادووی بۆ دەمێنێتەوە.» کوڕە چووکە ڕێگەی بڕی تا گەیشتە دارستانێکی چڕوپڕ. نەیدەزانی لە کام لاوە بڕوات تاکوو باریکە ڕێیەکی دیت. بڕیاری دا لەو ڕێیەوە بچێتە نێو دارستان. لەو ڕێگایەوە ڕۆیشت و ڕۆیشت تا خۆر ئاوابوو. تەماشای کرد لە ژێر دارێکی گەورە، کۆخێکی چکۆڵەی لێیە. لە ئەسپەکەی هاتە خوار و دیتی پیرەژنێکی چکۆڵە لە کۆخەکە هاتە دەر و گوتی: «ئێی، ئاخری کەسێک هاتە دیدەنی من. ساڵانێکی زۆرە من لێرە دەژیم و کەس بۆ دیدەنیم نەهاتووە، ئەوە چۆنە تۆ لەم لایەوە دێی لاوۆ؟»

کوڕە گوتی: «من بەشوێن ئاوێنەیەکەوەم، دایە گەورە. نەک ئاوێنەیەکی ئاسایی؛ بەڵکوو ئاوێنەیەک کە بێتوو کەسێک تەماشای کات جاحێڵ دەبێتەوە. بابم نایهەوێ پیر بێ. لەبەر ئەوە منی ناردووە تا ئەو ئاوێنەیە بدۆزمەوە.» پیرەژن گوتی: «نا! من تا ئێستا سەبارەت بەو ئاوێنە شتێکم نەبیستووە. بەڵام خوشکێکی لە خۆم پیرترم هەیە بەشقەم ئەو بزانێ. لێرەوە دەبێ سێ ڕۆژ بڕۆی تا بگەیە ئەوێ». کوڕە سپاسی پێ گوت و وەڕێ کەوت. سێ ڕۆژ ڕۆیی تا گەیشتە کۆخی دووهەم پیرەژن. ئەم پیرەژنە گوتی کاتێ لاو بووە هیچی سەبارەت بەم ئاوێنە نەبیستووە؛ بەڵام بەشقەم خوشکە گەورەکەی بزانێ ئەم ئاوێنە لە کوێیە و کوڕە دەبێ سێ ڕۆژ بەنێو دارستاندا بڕوا تا بگاتە کۆخی ئەو. کوڕە ڕۆیی تاکوو گەیشتە کۆخی خوشکی سێهەم و کارەساتی خۆی بۆ ئەو گێڕاوە.



پیرەژن گوتی: شتێکی بەدروستی نازانێ؛ بەڵام بەڵکو یەکێ لە قەرەواشەکانی بتوانێ یارمەتی بدات. لەپاشان لە مجرییەک فیتەیەکی دەرهێنا و تێی تووڕاند. تەواوی دارستان وە زەنازەنا کەوت؛ وەک بڵێی هەزارەها کەس لەبەر دەرگای کۆخ کۆبوونەتەوە. پیرەژن لەگەڵیان قسەی کرد و پاشان هاتە لای کوڕە و گوتی: «ئەم خزمەتکارانە شتێک نازانن؛ بەڵکەم خزمەتکارەکانی دیکە شتێک بزانن.» ئەو لە مجرییەکە فیت فیتەیەکی گەورەتری دەرهێنا و تێی تووڕاند. ئەمجارە دەنگەکە لە جاری پێشوو زیاتر بوو و لک و پۆپی دارەکان وەجووڵە و لەرینەوە کەوتن. کوڕە تەماشای تەواوی باڵندەکانی کرد کە لە دەرکی کۆخ کۆببوونەوە. پیرەژەن لەگەڵ ئەوان قسەی کرد و دوایە بەکوڕەی گوت: «ئەم خزمەتکارانەشم شتێک سەبارەت بەئاوێنەی سێحرئامێز نازانن. بەڵام خزمەتکارێکی دیکەم هەیە کە لە هەمووان زاناترە و دەبێ لەگەڵ ئەودا قسە بکەم؛ بێت و ئەویش شتێکی سەبارەت بەم ئاوێنە سێحرئامێزە نەبیستبێت، ئەوە ئاوەها ئاوێنەیەک بوونی نییە». دوایە پیرەژن فیت فیتەیەکی داتاشراو لە شووڵی دەرهێنا و تێی تووڕاند ساتێکی دیکە بازێکی دووسەر وەدەرکەوت و لەبەر کۆخدا لەسەر بەردێک نیشتەوە و گوتی: «دایکی دارستان چت لە من دەوێ؟»

پیرەژن گوتی: «ئاوێنەی سێحرئامێز؛ داخۆ دەزانی ئەم ئاوێنەیە لە کوێیە؟» باز گوتی: «من جێگەی ئەو دەزانم. بەڵام بەکەڵکی تۆ نایە؛ چونکە هیچ بنیادەمێک هیوای گەیشتن بەوی نییە. ئەو ئاوێنەیە لە هۆدەی شازادەیەک لە نێوەڕاستی زەریادا شاردراوەتەوە. بەردهەڵدێری تیژ و بڵند دەوران دەوری دوورگەکەیان وا گرتووە کە هیچ پاپۆڕێک ناتوانێ لەم دوورگە نزیک ببێتەوە.»

پیرەژن گوتی: «بەڵام ئەو کارەی بنیادەم نەتوانن بیکەن، تۆ دەتوانی. ئەو لاوە سواری سەرپشتی خۆت کە و بیگەیەنە ئەو دوورگەیە.»

باز باڵ و پەڕی خۆی کردەوە و کوڕە سواری پشتی بوو و باز بەحەوادا هەڵفڕی. ئەوان نۆ شەو و ڕۆژ بەئاسماندا ڕۆیشتن و ڕۆژی دەیەم گەشتنە دوورگەییێک لە نێوەڕاستی زەریادا. باز بەکوڕەی گوت:

«تا شەوێ دەست ڕاگرە و پاشان بچۆ هۆدەی خاتووشازادە و ئاوێنەکە هەڵگرە. ئەو ئاوێنەکەی دەنێتە ژێر باڵنجەکەی. لە بەخەبەرهاتنی مەترسێ؛ خەوی ئەوەندە قورسە کە بێتوو بەئەسپیشەوە بڕۆیە هۆدەکەی لە خەو هەڵناستێ. بەڵام لە کۆشکدا زیاتر لە پێویست مەمێنەوە؛ دەنا هەردووکمان تێدادەچین.»

باز دوو پەڕی لە باڵی خۆی هەڵکەند و گوتی: «کاتێ گەیشتیتە کۆشک دوو هوورچ دەبینی، ئەم دوو پەڕە بهاوە سەریان تا بتوانی بچیتە نێو کۆشک. کاتێ کوڕە گەیشتە کۆشک، هورچەکانی دیت کە بۆ هەشاوڵ هێنان سازن. کوڕە دوو پەڕەکەی بۆ لایان هاویشت. هورچ لە چرکە ساتا خەویان لێکەوت. کوڕە چووە نێو کۆشک. هەموو شتێک چەشنی ڕۆژ ڕووناک بوو و هەمووکەس لە خەودا بوو. ئەو خاتووشازادەی دیتەوە و ئاوێنەی جادووی لە ژێر باڵنجەکەی دەرهێنا و دەیهەویست بڕوات کە چاوی بەمێزێک کەوت پڕ پڕ لە خواردەمەنی خۆش و ساردیی خۆشنۆش بوو. بەخۆی گوت:

«باش وایە شتێک بخۆم، بەقەدەرایی خۆم دەرفەتم هەیە.» دانیشت و بەئیشتیا دەستی کرد بەخواردن. کاتێک تێر بوو، هەستا بڕوا؛ چاوی بەئەنگوستیلەیەک کەوت کە لە قامکی خاتووشازادەدا بوو و وەک خۆر دەدرەوشاوە. نەیتوانی بەری خۆی بگرێ. ئەنگوستیلەکەی لە قامکی ئەو دەرهێنا و بەرەو دەرکە ڕۆیی. باز لە پشت دەرکە هێندە چاوەڕوان مابوو، تووڕە ببوو. لەگەڵ کوڕی دیت لیباسەکەی بەدەنووک گرت و وەحەوا کەوت. هورچەکان وەخەبەر هاتبوون و ڕایان کردنێ. بەڵام ئەوان دوور



کەوتبوونەوە. کاتێ گەیشتنە سەر زەریا باز بەرەوخوار هات و گەیشتە لێوار و سەر ئاوەکە و لاقی کوڕەکە لە ئاوەکە ڕۆچوو. باز ڕۆیشتە سەرێ و دیسانەکە هاتەوە خوارێ و ئەمجارە تاکو نێوقەدی کوڕە لە ئاو ڕۆچۆوە. کوڕە ترسا و هاواری کرد: «بۆ وا دەکەی؟ لە ترسا مردم.»

باز گوتی: «دەمەوێ دەرسێکی باشت دادەم. ئێستا حاڵی من دەزانی. تۆ لە کۆشکدا بێ خەم و خەیاڵ دانیشتبووی و لەوەڕای من لە دەرەوەی کۆشک خەریک بوو لە سەرما دەمردم. کەڕەتی هەوەڵ هورچەکان سەریان هەڵێنا و من وامزانی بەخەبەر هاتوون. ئەو کاتە تۆ لە کۆشکدا دەگەڕای بۆیە تا ئەژنۆتم لە ئاو هەڵکێشا. دووهەم کەڕەت کە تا نێوقەدتم لە ئاو هەڵکێشا لەبەر ئەو کاتە بوو خواردەمەنیت دەخوارد. کەڕەتی سێهەم هورچەکان هەستابوونە سەر پێ و تۆ خەریک بووی ئەنگوستیلەت لە قامکی خاتوو شازادە دەردێنا. بێتوو ئەوان هەستایەن هورچەکان منیان هەڵدەدڕی و تۆش لە کۆشکدا دەکەوتییە تەڵەوە.»

کوڕە لە دڵی خۆیدا گوتی: شوکری خودا کە خاتوو شازادە لە خەو هەڵنەستا.

کوڕە و باز گەڕانەوە و گەیشتنە ماڵی خوشکی گەورەتر. کاتێ ئەو ئاوێنەکەی دیت گوتی: «ئەم ئاوێنەیە بەکەڵکی من نایە؛ من ئیدی زۆر پیرم و پێم خۆش نییە جحێڵ ببمەوە؛ بەڵام بەڵکەم بەکەڵکی تۆ بێ. سێ شوولکی دا بەکوڕەکە و گوتی: «هەرکاتێ ئاواتێکت بوو، یەکێ لەمانە ڕاوەشێنە.» کوڕە سپاسی کرد و سواری مایینەکەی بوو و ڕۆیی تا گەیشتە ماڵی خوشکی نێوەنجی و ئاوێنەکەی پێ نیشان دا. خوشکی نێوەنجی گوتی: «من ئیدی هەوای جحێڵ بوونەوەم نییە؛ بەڵام ئەم توورەکەیە بەکەڵکی تۆ دێت.»

توورەکەیەکی دا بەکوڕە و گوتی: «هەرکاتێ برسی بووی و شتێکت بۆ

خواردن نەبوو، ئەم توورەکە بکەرەوە نانی گەڵاگەڵا دەڕژێتە دەرێ».

کوڕەکە سپاسی کرد و بەڕێ کەوت و گەیشتە ماڵی خوشکی چکۆڵە و ئاوێنەکەی بەویش نیشان دا. خوشکە چکۆڵە گوتی: ئاوێنەم ناوێ؛ بەڵام ئەم مەقەسانە بەکەڵکی تۆ دێن. هاتوو لیباست کۆنە بوو و حەوجێی لیباسی تازەت بوو مەقەستەکان لێک دە. جا جووتێ مەقەستی دایە.

کوڕە سپاسی کرد و لەپاش ماڵاوایی وەڕێ کەوت. کاتێ گەیشتە میوانخانە دیتی فەیتوونی براکانی هەر لەوێیە. کوڕە چووە میوانخانە. براکانی ئەویان دیت و گوتیان: «ئاوێنەکەت دیتەوە؟» ئەو گوتی: «هەڵبەت دیتمەوە.» جا کارەساتی پیرێژنەکان و باز و کۆشکی خاتوو شازادەی بۆ گێڕانەوە. براکانی خوڵقی خواردەمەنیان کرد و دوایە گوتیان ئاوێنەکەیان پێ نیشان دات. ئەویش ئاوێنەکەی پێ نیشان دان. ئەوان پێیان گوت: «گەنجێکی ئاوا بەقیمەت بەکەڵکی تۆ نایە. ئاوێنەکەیان بەزۆر لێ سەند و گوتیان: «بێتوو لەم ڕووداوە شتێک بۆ باوکمان بگێڕیتەوە، وەها بەڵایەکت بەسەر دێنین قەت لەبیرت نەچێتەوە.»

ئەوان گەڕانەوە بۆ کۆشک و ئاوێنەکەیان دا بە بابیان. کاتێ بابیان تەماشای ئاوێنەکەی کرد، جحێڵ بۆوە و لە خۆشییان گوتی ئێوە کوڕانی خۆشەویستی منن و لە بری ئەم کارە نیوەی وڵاتەکەم دەدەم بەئێوە.» بەڵام لە هەمان کاتدا کوڕە لاوەکە گەیشتە کۆشک و گوتی: «من ئاوێنەکەم دۆزییەوە و براکانم لێیان ستاندم. ئەوان لە میوانخانە دانیشتبوون و هەر بەشوێن ئاوێنەکەدا نەچوون.»

بابیان گوتی تۆ درۆ دەکەی و کەسێک کە ئاوا درۆ ساز دەکا دەبێ تەمێ کرێ. ئەو کوڕە بەرنە ڕەخی زەریا و لە گەمییەکی بێ سەوڵی خەن و گەمییەکە بهاوێنە زەریاوە.» براکانی بەگاڵتە گوتیان: «باز یارمەتیت دەکا.»



براکان ئەویان لە گەمیدا بەرەو زەریا ڕاوەنا و شەپۆڵەکان گەمییەکەیان بۆ سەرێ و خوارێ دەبرد. تاکوو گەمی لە هەڵدێرێکی بەردینەوە کەوت و کوڕە لاو تەماشای کرد لە نێوەڕاستی زەریادایە.

ئەو بیری دەکردەوە: «ئاکامی کاری من لەم وڵاتە قاقڕەدایە؛ چاکتر وایە گەمییەکە بەرمە لێواری زەریا و بزانم دەبێ بە چی.»

ئەو ویستی گەمییەکە بەرێتە لێوارەوە، بەڵام دیتی شتێک بەرگری کاریەتی. دەستی بەباخەڵیدا کرد و تەماشای کرد ئەو سێ کلیلەی خوشکە هەرە پیرەکەی پێی دابوو لەوێدایە.

بیری کردەوە ئەو شتانەی ئەم سێ خاتوونە پیرانە دایان بە من بەتەواوی لەبیرم چووبوونەوە. باش وایە بزانم ئەمانە لە ڕاستیدا سێحرئامێزن یان نا؟ کلیلەکانی دەرهێنا و ڕایوەشاند و گوتی:

«دڵم پێوەیە لێرە شارێک پێک بێت حەشامەتێکی زۆر بێ. هێشتا ئەم قسەی تەواو نەکردبوو، شارێک لە نێو دڵی زەوییەوە هاتە دەر و خەڵکێکی زۆریش وەک ئەوەی لە حەواوە بەربنەوە هەڵدەقوڵێن؛ بەڵام جلوبەرگێکی کەمیان لەبەردابوو. کوڕە مەقەستەکانی دەرهێنا و دەمەکانی چەند کەڕەت کردنەوە و بەستنەوە و گوتی: «مەقەستەکان لیباس بۆ ئەم خەڵکە ساز کەن.» لە ئان و ساتدا عەڕابەی پڕ لە لیباس وەدەرکەوتن. تەواوی خەڵکی شار یەک بەیەک هاتن و لیباسیان بۆ خۆیان هەڵگرت؛ هەروەها خەڵک برسی بوون و شتێکیان بۆ خواردن نەبوو. دەسا لاو توورەکەی دەرهێنا و دەرکەی کردەوە نانی گەڵاگەڵا لە نێو توورەکەوە هەڵڕژا دەرێ؛ ئەوەندە زۆر بوو کە هەموو کەس تێری خوارد. لاو بووە شای ئەو وڵاتە و خەڵک لەو ڕازی بوون؛ چونکە لە بەرەکەتی مەقەست و توورەکە و کلیلەکان هەرچییەکیان دەویست وەدەستیان دەهێنا و کەم و کوڕییەکیان نەبوو. ڕۆژێک کە هەوا خۆش بوو لاوەکە لە لێواری زەریا

پیاسەی دەکرد کە دیتی لە دوورەوە پاپۆڕێک لە زەریادا وەدەرکەوت.


کوڕە لاو گوتی: «زوو بن گەمییەکەی من بێنن». گەمییەکەیان بۆ هێنا. سواری بوو و بەرەو پاپۆڕەکە سەوڵی لێدا. کیژێک لەسەر پاپۆڕەکە بوو. ئەم کیژە هەمان خاتوو شازاد بووە کە ئاوێنە و ئەنگوستیلەکە هی ئەو بوون. لاو بەخێرهاتنی خاتوو شازادەی کرد و داوای لێ کرد تاکو لە وڵاتەکەی سەردان بکات. خاتوو شازادە گوتی: «سپاست دەکەم؛ بەڵام ناتوانم لەم پاپۆڕە دوور کەومەوە. ئەموستیلە و ئاوێنەکەمیان دزیوە و بە منیان گوتووە دەبێ لەگەڵ ئەو کەسەی ئەوانەی دزیوە زەماوەند بکەم. من دەترسم ئەو کابرایە پیاوێکی بەدفەڕ و ناشرین بێ و بێتوو ئاوێنەکەی وەچنگ کەوێ بتوانێ لە سەد ساڵ پتر تەمەن بەرێتە سەر. دەیجا هەر لەم پاپۆڕەدا، لە نێو ئەم زەریایەدا دەمێنمەوە تاکوو نەتوانێ بمدۆزێتەوە.»

لاو بەبیستنی ئەم قسانە ئەنگوستیلەکەی لە دەست دەرهێنا و دای بەئەو.

خاتوو شازادە کاتێ دیتی مێردەکەی ناشرین و بەدفەڕ نییە زۆر شادمان بوو. ئەوان چوونە نێو شار و خەڵک بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێ کردن. زۆر زوو جەژنی زەماوەند ساز بوو. جەژن و هەڵپەڕکێی خەڵک ماوەیەکی زۆر درێژەی بوو؛ بەڵام لە ئاوێنەی جادوو چ خەبەرە؟ ئەو ئاوێنەیە ون بوو تا ئەمڕۆ کەس نەیدۆزیوەتەوە.



# باڵندەی سپی



له عەیامی زوودا پیاوێک دەژیا کە سێ کوڕی بوون. دووان لەوانە لاوانێکی بەهۆش و گۆش بوون؛ بەڵام سێیەمیان ئاکاری گەوجانەی بوو. بابیان بەدوو کوڕی هەوەڵی ئەوەی بیانویستبایە دەیدانێ؛ بەڵام مەیلێکی بەرەو کوڕی سێهەم نەبوو. برا گەورەکان گاڵتەیان بە برا چووکە دەکرد و بەگەپ بەویان دەگوت: «ئازا». ژیان بۆ «ئازا» ئەوەندە ناخۆش بوو کە بڕیاری دا وەشوێن شانس و ئیقباڵی خۆی کەوێت و لە ماڵێ بڕوات. بیری لەوە کردەوە بۆ کوێ بچێ؟ لە ئاکامدا چووە شارێک کە شایەکی تێدا دەژیا. لە ڕێگە بیستی کە لە دارستانی نیزیک شاردا دوو بوونەوەری دڕندە هەن کە دەستیان بگاتە هەر کەس هاشاوڵی بۆ دەبەن. شا لەم ڕووداوە زۆر پەرۆشە و پیاوەکانی خۆی ناردۆتە دارستان تاکو ئەوانە



بکوژن؛ بەڵام کەس نەیتوانیوە ئەم کارە ساز دات. شا مەرجی بەستووە هەر کەسێ توانی ئەم دوو دڕندە بکوژێ، کچەکەی خۆی بداتێ. ئازیزترین و بەهێزترین پیاوان چوونەتە دارستان؛ بەڵام تاقمێکیان توانیویانە گیان دەربەرن. شا ئارامی لێ بڕاوە و ئیدی نازانێ چی بکات؟ «ئازا» لەگەڵ خۆیدا پێکهات کە وا چاکە منیش شانسی خۆم تاقی کەمەوە؛ بەڵکەم لەوانی دیکە باشتر بێمەوە.

بەم هۆیەوە چووە کۆشکی شا و گوتی دەمەوێ بچمە دارستان تاکوو لەگەڵ ئەو بەراز و گامێشە بەشەڕ بێم. نۆکەرانی شا گوتیان:

تۆ تەماشای ئەم کوڕە! پیاوانی بەهێز و ئازا چوونە دارستان و نەیانتوانی هیچ بکەن؛ ئێستا ئەم لاوە وا بیر دەکاتەوە لەوان بەهێزترە. دەبا بچێ و ببێتە هۆی پێکەنینی ئێمە!

دەیانویست «ئازا» لە کۆشک وەدەر بنێن؛ بەڵام نەیانوێرا. لەبەرئەوەی شا گوتبووی هەر کەس دڵی پێوە بێ، دەتوانی بچێ و ئیقباڵی خۆی تاقی کاتەوە و کەسێک بەرگری نەکات. ئازا ڕایگەیاند دەیهەوێ لە پێشدا لەگەڵ گامێشی دڕندە بەشەڕ بێت. تەواوی حەشامەتی شار و هەروەها شا، بۆ سەیر و تەماشای ئەو بەرێ کەوتن. ئازا شوێنێکی نێزیک قەڵای دیتەوە کە داربەڕووی بەساڵا چوو و گەورەی لێ بوو. پاڵی دا بەیەکێ لە دارەکان و چاوەنواڕ ماوە. لەپاش قەدەرێک گامێش لە دارستان دەرپەڕی و بەبۆڕاندنی سامناک بەرەو ئازا هەشاوڵی هێنا. بەڵام ئازا وای نیشان دا ئەوی نەدیوە و کاتێ گامێشەکە زۆر لێی نیزیک بۆوە، خۆی هاویشتە ئەو بەری دارەکە. گامێش بەدارەکەدا کەوت و هەردووک شاخە تیژەکەی بەدارەکەدا ڕۆچوو و ئەوەندەی حەولی دا نەیتوانی شاخەکانی ڕەها کات. ئازا شیرەکەی دەرهێنا و بەزەبرێک سەری گامێشی لە لەشی جیا کردەوە. کاتێ خەڵک دیتیان گامێشە کوژراوە، هەڵڵای شادمانییان ساز دا و شا

لە خۆشییان چەپڵەی بۆ لێ دا؛ بەڵام نۆکەرانی شا نارەزا بوون. کوشتنی گامێش شتێک نییە، ئەگین پیاوی بەرازەکە بکوژە. ئەو بەم سانایییانە ناکەوێتە تەڵەوە. ئازا گوتی: «وزەتان بێ و بیدینن.» ئازا چووە نێو قەڵا و بێجگە لە یەکیان، هەموو دەرگاکانی داخست و چاوەڕوان ماوە. بەراز بەدەوری قەڵادا سوورِا و دوایە پێی زانی کە ئازا لەبەر یەکێ لە دەرگاکان ڕاوێستاوە. هەشاوڵی بەرەو ئازا برد؛ بەڵام ئازا خۆی هاویشتە سووچێک. بەراز چووە نێو قەڵا و ئازا خێرا دەرگای داخست. خەڵکی شار کاتێ دیتیان ئەم لاوە چەند بەهۆش و گۆشە، شادمان بوون و تەنانەت خودی شاش شادمان بوو و گوتی: «ئەم لاوە زۆر ژیرە. بەرازەکەی خستە تەڵەوە، با بزانین چیی لەگەڵدا دەکا.» ئازا لە قەڵادا بەرازەی بەگاڵتە گرتبوو تاکوو زۆر توورەی بکا. لەبەر دەمیەوە ڕایدەکرد و بەرە بەرە ئەوی بەرەو بورجی قەڵا دەکێشا. بەراز بەشوێن ئەودا لە پلیکانەکان سەردەکەوت و گەیشتە سەر بورجەکە. ئازا بەتوند و تۆڵی پەڕییە سەر بورج. بەرازە ڕایکردێ؛ بەڵام نەیتوانی لەنگەری خۆی ڕاگرێ و لەو سەرەوە بەربۆوە. ئازا بەرەوخوار هەڵات و سەری بەرازی لە لەشی جیا کردەوە. کاتێ خەڵک دیتیان ئەم دڕندە سامناکە کوژراوە لە خۆشییان لە هەڵا و زەنایان دا. ئازا هاتە لای شا و پرسی:

«ئێستا دەتوانم لەگەڵ کچەکەت زەماوەند بکەم؟»

شا گوتی: «بەڵێ، چونکە بەڵێنم داوە.» ئازا و کیژی شا زەماوەندیان کرد و جەژنێکی گەورە ساز بوو. هەموو کەس دەستیان کرد بەشادمانی و هەڵپەڕکێ و ئەوەندەیان لاق بەعەرزیدا کوتا عەرز سەروەژێر بوو و هەڵدێرەکان لەرزین و ئەستێرەکان لە ئاسماندا لەرینەوە. سەد گا و هەزار بەرخیان برژاند و مێزی پڕ لە خواردەمەنی لە حەوشی کۆشک ڕیز کرا تا گشت بتوانن بخۆن و بخۆنەوە. ئەم جەژن و پلانە مانگێکی کێشا و کاتێ



مانگ تازە لە ئاسماندا وەدەرکەوت میوانەکان کۆشکیان چۆڵ کرد.

ئازا لە کۆشکدا بەخۆشی ڕایدەبوارد. خاتوو شازادەی خێزانی، ژنێکی دلۆڤان و سازگار بوو. کارەکەری کۆشک خزمەتی ئەوانیان دەکرد؛ بەڵام شا وای بەدڵ نەبوو کە زاواکانی لە کۆشکدا بێکار بن. هەر بەم هۆیەوە بانگی کردن و پێی گوتن: «باڵندەیەکی سپی لە دارستاندا دەژی کە سێحرئامێزە. دڵم پێوەیە بۆمی بگرن. بڕۆن و بیگرن.» زاواکانی گوتیان: «زۆر باشە هەر کا ئێوە دەڵێن، دەچین.» دەیجا لەگەڵ بەری بەیان هەر سێ زاوای شا لە خەو هەستان و وەڕێ کەوتن تا باڵندەی سپی بگرن. بەڵام ئازا بێ ئەندێش بۆخۆی خەوت؛ دەتگوت چ کارێکی نییە. نیوەڕۆ بوو کە خێزانی بانگی کرد. خاتوون پێی گوت: «بەخەیاڵی هەستی یان نا؟ مێردانی خوشکەکانم چەند کاتژمێرە چوونەتە دارستان؛ بەڵکوو تا ئێستا مەلی سپیشیان گرتبێ. «ئازا هەروەکوو باوێشکی دەهاتێ گوتی: «ئەوەی دەبێ ببێ، دەبێ.» لە جێگەی هەستا. بڕێکی خواردەمەنی هەڵگرت و بەرەو دارستان ڕێکەوت. بڕێک ڕێگەی بڕی و شتێکی نەدی؛ بەڵام پیرە پیاوێک بەرەو ئەو هات. پیرە پیاو گوتی: شتێکم دەیە بیخۆم کوڕم؛ سێ ڕۆژە هیچم نەخواردووە. «ئازا پرێسکەی خواردەمەنییەکەی دا بەپیاوە پیرە و گوتی: «وەرە بابە گەورە چەندەت دەوێ بخۆ. ببوورە کە خواردەمەنییەکی باشترم نییە.»

پیاوە پیرە پرێسکەی وەرگرت؛ کردییەوە و بەئیشتیا خواردی. لە دوایە پرسی: «وادیارە دەتەوێ بۆ شوێنێکی دوور بڕۆی کە ئەم هەمووە خواردەمەنییەت لەگەڵ خۆت هەڵگرتووە.» ئازا گوتی: «من هاتوومەتە ئێرە تاکوو باڵندەی سپی بگرم. شا ئەم حوکمەی لە من و زاواکانی دیکەی کردووە. ئەوان بەرەبەیانی وەڕێ کەوتوون و ڕەنگبێ تا ئێستا ئەو مەلەیان گرتبێ و من لە خۆڕا وەخت بەهەدەر دەدەم. پیاوی پیر گوتی: «دڵتەنگ

مەبە. هیچ کەس بێ یارمەتی من ناتوانێ باڵندەی سپی بگرێ. ورکە نان بەعەرزدا بڵاو کەوە. مەلان وەکۆ دەبن ئەم نانە بخۆن؛ باڵندەی سپیش لە نێو ئەواندایە و گرتنی ئەو ماندووبوونی ناوێ. هەڵکوتە سەری و کلکی بگرە و هاتوو لەمەوبەدواش حەوجێت بەیارمەتی من بوو وەرە ئێرە و سێ کەڕەت بانگم کە.»

ئازا گوتی: «زۆر چاکە باپیرە، سپاسگوزاری تۆم.»

ئازا ئەو کارانەی پیاوەپیرە پێی گوت کردی و مەلی سپی گرت و لە قەراخ ئەو جادەی کە دەچوو بۆ کۆشک دانیشت و چاوەڕێی ئاواڵ زاواکانی بوو. ماوەیەکی زۆر تێپەڕ بوو. بوو بەرۆژئاوا و ئاوڵزاواکانی دیت کە بەپەرۆشەوە دێنەوە. ئەوان کاتێ ئازایان دیت دەستیان کرد بەگاڵتە پێکردن بەو: «شایکە ئەم کابرا بێکارەیە. لێرە دانیشتووە؛ کەچی ئێمە لە بەرەبەیانەوە ئازێتمان کێشاوە. بەڕاستی پیاوێکی ئازای.»

ئازا گوتی: «قسەی قۆڕ مەکەن. من باڵندەکەم گرتووە و هەقی خۆمە بحەسێمەوە. ئەگەر باوەڕ ناکەن بۆخۆتان بیدینن.» لەپاشی گوتنی ئەو قسانە دەرکی توورەکەی کردەوە و مەلی نیشان دان ئەوان بەسەرسوڕمانەوە گوتیان: ببڕای ببڕ بیرمان نەدەکردەوە ئەو بتوانێ ئەم مەلە بگرێ. ئێستا دەتەوێ چی لێ بکەی؟ پێمان دەفرۆشی؟ پوولێکی باشت دەدەینێ.»

ئازا پرسیاری کرد: «چەند دەدەن؟» ئەوان پرسیان: «تۆ چەندەت دەوێ؟» ئازا گوتی: «شتێکی زۆرم ناوێ، یەکێ لە ئێوە خەنجەرەکەیم داتێ.»

ئەوان وایان بیر کردەوە ئەو لاوە شێتە. زاوای هەرە گەورە ئانی خەنجەرەکەی دەرهێنا و دای بەو. باڵندەکەی وەرگرت و بردییە لای شا؛ شا خۆشحاڵ بوو و خەلاتێکی گەورەی دایە. چەند ڕۆژێکی کە شا دیسانەکە ئەوانی بانگ کرد و گوتی: «خۆشحاڵم کە مەلی سپیتان گرت؛ بەڵام



ئەسپی سێحرئامێز لە دارستاندا هەیە کە زۆر کەس حەولیان داوە بیگرن و نەیانتوانیوە. بێتوو کەسێک بتوانێ ئەو ئەسپە بگرێ من خۆشحاڵ دەکات.» زاواکانی بەیانی زوو بەرەو دارستان بەرێ کەوتن؛ بەڵام ئازا درەنگتر لە هەمووان ڕۆیی. ئەو هەروا کە توورەکەیەکی پڕ لە خواردەمەنی پێبوو، گەیشتە ئەوشوێنەی پیاوە پیرەی دیتبوو. سێ کەڕەت ئەوی بانگ کرد. پیرە دەرکەوت و پرسیاری کرد: «دیسانیش هاتوویەوە ئێرە تا شتێک بستێنی؟» گوتی: «شا حوکمی کردووە ئەسپی سێحرئامێز بگرین، تکا دەکەم یارمەتیم بدە.» پیرە گوتی: «ئەوە کارێکی ئاسانە. ئەم زینە هەڵگرە و برۆ نێوەڕاستی دارەکان؛ ئەسپەکان لەوێ وەکۆ دەبنەوە تا لە کانییەکە ئاو بخۆنەوە. دوایین ئەسپێک کە هاتە سەر کانی هەمان ئەسپی سێحرئامێزە. ئەم زینەی بنێ سەر پشت.»

ئازا ئەو کارەی کرد و کاتێ زینی نایە سەر پشتی ئەسپەکە، ئەو ئەسپە بووە ئەسپێکی زێوینی جوان کە لە بری هەڵاتن دەیتوانی بفڕێ.

ئازا سواری پشتی ئەسپە بوو و لەو شوێنەی کە زاواکان پێیدا هاموشۆ دەکەن دانیشتەوە. ئەسپەی بەدارێکەوە بەستەوە تاکوو برێ خواردەمەنی بخوا. لەپاش ماوەیەک سەروکەللەی ئاوالّزاواکانی دەرکەوت. ئەوان گوتیان: «تۆ چ بەشەرێکی، ئێمە بەدرێژایی ڕۆژ حەولمان داوە؛ کەچی تۆ دانیشتووی و خەریکی خواردنی؟» ئازا گوتی: بەڵام منیش کارێکم کردووە.» ئانەن سواری پشتی ئەسپە بوو و هاتە بەردەمی ئەوان. ئاوڵ زاواکانی لە سەرسوڕماندا لە جێی خۆیان وشک بوون و گوتیان: «ئەوەت لە کوێ هێنا؟»

ئازا وەڵامی داوە: «لە دارستان. من ئەم ئەسپەم لەوێ پەیا کرد.»

ئاوڵ زاواکانی گوتیان: «ئەی چۆن ئێمە نەمانتوانی بیدینینەوە؟

ئازا گوتی: «بەشقەم لەبەرئەوەی باش نەگەڕابێتن.»

لێی پاڕانەوە تاکوو ئەسپەکەیان پێ بفرۆشێ: بۆ ئەم ئەسپە چەندت دەوێ؟»

ئازا گوتی: «زۆرم ناوێ، ئەموستیلەی زاوای نێوەنجی لێم زیادە.» زاوای نێوەنجی پوولێکی زۆری دایە بەر نەزەری ئازا. بەڵام ئەو نەیویست و گوتی هەر ئەموستیلەکەم دەوێ و زاوای نێوەنجی ئەموستیلەکەی دایە و لە بریدا ئەسپەکەی وەرگرت و ئەو ئەسپەی دا بەشا و شا زۆر شادمان بوو و ئەوی خەڵات کرد.

چەند ڕۆژێک دواتر شا بەزاواکانی گوت: «هورچێکی گەورە لە دارستاندایە زۆر جێی مەترسییە. بەمنی بسەلمێنن لاوانی ڕەشید و ئازان. بڕۆن هورچە بکوژن و لە بریدا توورەکەیێک زێڕ خەڵات وەرگرن.»

سبەی بەیانی زوو زاواکانی شا بەرەو دارستان چوون. لە هەمان کاتدا ئازا هێشتا لە خەودا بوو. ئاخرێکەی خێزانی لە خەوی هەستاند و ناردی بۆ دارستان. ئازا چووە دارستان سێ کەرەت هەرای کرد: «باپیرە من لێرەم.» پیاوی پیر هات و گوتی: «بۆ کوشتنی هورچ هاتووی؟» ئازا گوتی: «بەڵێ؛ بەڵام نازانم چی بکەم. دەتوانی ڕێنوێنیم بکەی؟»

پیاوی پیر گوتی: «بەڵێ؛ بەڵام جارێ زووە. جارێ هورچە لە دارستاندا سەری لێ شێواوە و بەدژوار دەبیندرێتەوە. تاکوو لای ئێوارە دەست ڕاگرە. کاتێ گەڕاوە کولانەکەی بۆ حەسانەوە، بێدەنگ بچۆ و بەدار لە لۆزەی دە. هەر ئەم زەبرە کاری تەواو دەکا. کاتێ هەناسەی ئاخری دەرچوو پێستی کەوڵ کە و بۆ شای بەرە.» ئازا ئەو کارانەی پیاوی پیر گوتبووی کردی، هورچەی دیتەوە و کوشتی و کەوڵی کرد و لە سەرەڕێی ئاوڵ زاواکانی دانیشت و دەستی کرد بەخواردن. کاتێ ئەوان هاتن و پرسیاریان کرد: «چما هورچت کوشتووە کە ئاوا بەئیشتیا چێشت دەخۆی؟»

ئازا گوتی: «هەڵبەتە کوشتوومە.» پێستی هورچەی لە توورەکە دەرهێنا و پێی نیشان دان.



ئاوڵ زاواکانی دەستیان کرد بەچەنە لێدان: «کەوڵی هورچە بفرۆشە بە ئێمە.»

ئازا گوتی: «ئەم خەیاڵە نییە.» پێیان گوت: «چەندەت پووڵ و پارە دەوێ؟»

ئازا: پووڵم ناوێ. بەڵام لاوترینی ئێوە دەبێ لێگەڕێ گوێیەکانی کون کەم.

زاوای لاو گوتی: «چ سەودایەکی حەپۆڵانەیە! بێتوو من گوێم کون کەم چی گیری تۆ دەکەوێ؟ وەرە پووڵ وەرگرە و قسەی لێ مەکە.»

ئازا گوتی: «هەر ئەوەیە گوتم، کەوڵی هورچ ئی منە و گوێ ئی تۆیە.» زاوای لاوتر – کە زۆری دڵ پێوە بوو کەوڵەکە وەرگرێ – ئیزنی دا گوێی کون کەن. کاتێ کەوڵی هورچەی وەرگرت، چووە لای شا و توورەکەیەکی زێڕ بەخەڵات وەرگرت. لەدوایە شا میوانییەکی گەورەی ساز دا و هەموو زاواکانی – بێجگە لە ئازا – بانگهێشت کرد و گوتی: «بۆچی دەبێ ئەو بانگهێشتی کەم؟ ئەو خۆ کارێکی لە دەست نەهاتووە.»

زاواکان چوونە میوانی و ئازا ڕووی کردە دارستان بۆ لای پیاوی پیر. پیاوی پیر لێی پرسی: «چی بووە کوڕم؟ ئەوە بۆ پێکت داداوە؟»

ئازا گوتی: «من لە دەستی خۆم توورەم؛ نازانم بۆچی دەبێ باڵندە و ئەسپ و هورچ بگرم و بیاندەم بەئاوڵزاواکانم. ئەم کارەی من گەوجانە بوو. ئێستا شا وا بیر دەکاتەوە ئەوان پاڵەوانن و من هیچ کارێکم لە دەس نایە. ئەو منی تەنانەت بۆ بانگهێشتنەکەش داوەت نەکردووە.»

کابرای پیر گوتی: «دڵتەنگ مەبە. ئەم نۆکە بگرە و بیخۆ. بۆ هەر قەڵافەتێ بتەوێ دەردێی و بۆ هەر کوێ بتهەوێ دەتوانی بچی.»

ئازا سپاسی پیرەی کرد و نۆکەکەی خوارد و لە قەڵافەتی پەپوولەیەکدا

چووه نێو کۆشک. لەوێ گەڕاوە قەڵافەتی ڕاستەقینەی خۆی و دیتی زاواکان دانیشتوون و لە کار و هێزی پاڵەوانی خۆیان تاریفات دەکەن کە چۆن هورچیان کوشت یان ئەسپی سێحرئامێزیان گرت. ئازا تووڕە بوو و نەڕاندی: «شەرم ناکەن؟ من بووم کە باڵندە و ئەسپم گرت و هورچەم کوشت.» زاواکان لە جێ هەستان و کردیانە هەراوهوریا و گوتیان ئەو درۆ دەکات و ئەمریان بەنۆکەر کرد ئازا لە کۆشک دەرکات؛ بەڵام ئازا دەستی بەگیرفانیدا کرد و ئەنگوستیلە و خەنجەری دەرهێنا و گوتی: «من ئەوانەم لەم ئاغایانە – کە نایانەوێ ڕاستەقینە بڵێن – سەندووە و باڵندە و ئەسپم داونەتێ؛ بەڵام هورچەش من ڕاوم کرد و دام بەزاوای لاو و لە بریدا لێبڕا گوێی کون کەم.»



زاواکان لە شەرمانا سەریان بەرداوە و لە کۆشک دەرکەوتن و پیاوانی کۆشک لە دەوری ئازاوە کۆ بوونەوە و پیرۆزباییان پێ گوت. شاش ئەوی کردە جێنشینی خۆی و لەپاش شا بووە گەورەی خەڵک و بەبرادەری و یەکسانی لەگەڵ خەڵکدا سازا و بێتوو هێشتاش نەمردبێ، دەبێ هەر لەو وڵاتە خەریکی شایەتی بێ.

# پاشای کارگەکان



ڕۆژێک کابرایێک بۆ کارگ چنین دەچێ بۆ دارستان. ئەو لە نێو دارەکاندا بەشوێن کارگدا دەگەڕێ. کارگێک دێتە بەرچاوی کە لەوانی دیکە زۆر گەورەترە. حەولی دا هەڵیکەنێ. لەپڕدا دیتی پیرە پیاوێکی چکۆڵە لە بن کارگەکە دەرپەڕی. ئەم کابرا پیرە بەقەیرایی قامکێک دەبوو؛ بەڵام ڕیشێکی ئەوەندە درێژی بوو کە دەگەیشتە عەرزی. کابرا پیرە دەیهەویست هەڵێ؛ بەڵام کابرا ئەوی گرت و پرسی: «تۆ کێی؟»

وەڵامی داوە: «من پاشای کارگەکانم.» کابرا بیری کردەوە وا باشە ئەو پیرە بەنێوی سەوقات بەرم بۆ شا. ئەو کارەی کرد و خەڵاتێکی باشی لە شا وەرگرت. شا ئەمری کرد کابرای پیری چکۆلە لە بەند بکەن. شا فیکری دەکردەوە داوەتێکی گەورە ساز دەکەم و ئەم پیاوە پیرە پێ نیشانی



میوانەکان دەدەم. ئەوان حەتمەن سەریان زۆر سووڕدەمینێ. شا کوڕێکی بچکۆلانەی بوو. ڕۆژێک ئەم کوڕە لە حەساری کۆشک کایەی بەهێلکەیەکی زێڕین دەکرد. هێلکە لە دەستی بەربۆوە عەرزی و لەژێر دەرکی بەندی پیرەمێردەوە چووە ژوورێ. پیاوی چکۆلە هێلکەکەی هەڵگرت. کوڕە گوتی: «هێلکەکەم دەوە» پیرە گوتی: «بۆخۆت وەرە وەری گرە» . کوڕی شا گوتی: «چۆن دەتوانم ئەم کارە بکەم؟ دەرگا داخراوە.» پیرە گوتی: «ئەوە کارێکی وای نییە؛ کلیلەکان لە کۆشکدایە، بڕۆ و بیهێنە.»

کوڕە ئەو کارەی کرد. کلیلەکانی هێنا و دەرگای کردەوە و چووە نێو بەند. پیرە پیاوی چکۆڵە هێلکەی داوە. لەدوایە لە ژێر لاقی کوڕەوە دەرپەڕی و لە دەرگاوە چووە دەر و ون بوو. کوڕە تەماشای کرد و ئەوی نەدی لە ترسا زوو دەرگای داخست و کلیلەکانی لەجێیی خۆی داناوە و لەم بابەتەوە لەگەڵ کەس نەدوا. لە پاش چەند ڕۆژ شا پیاوێکی نارد تاکوو پیرە پیاوی چکۆلە بێنن. پیاوی شا گەڕاوە و هەواڵی دا پیرە لەوێ نییە. شا - کە میوانگەلێکی زۆری بانگهێشت کردبوو - نەیدەزانی چ وەڵامێک بداتەوە. چەند ساڵ ڕابرد و کوڕی شا بووە کوڕێکی جحێڵ. ڕۆژێک لەگەڵ باوکیدا خواردەمەنی دەخوارد؛ باس کێشایە سەر پیرە پیاوی چکۆڵە. کوڕە ڕووداوەکەی بۆ باوکی گێڕاوە. شا زۆر تووڕە بوو حازر نەبوو گوێ بداتە قسەی کەس. ئەمری کرد کوڕەکەی لە کۆشک دەرکەن؛ بەڵام ئەمری بەیەکێ لە سەردارانی خۆی کرد لەگەڵ کوڕەدا بێ. کوڕی شا و سەردار بەڕێ کەوتن. ڕۆیین و ڕۆیین تا گەیشتنە دارستانێک. هەوا زۆر گەرم بوو. شازادە تینوو بوو؛ بەڵام لە کوێ ئاو بەدەست بێنن؟ بڕێک لەبەرەوە چاڵاوێکی قووڵی لێ بوو. سەردار گوتی: «من تەنافێک دەهاومە نێو چاڵاوەکە. تۆ لەپێشدا بڕۆ خوارێ و ئاو بخۆ. لەدوایە دەتکێشمەوە سەرێ.»

شازادە قەبوڵی کرد، چووە خوارێ و ئاوی خواردەوە؛ بەڵام سەردار هەڵی نەکێشاوە. پێی گوت: «بەمەرجێک هەڵتدەکێشمەوە، لەمەودوا من شازادەم و تۆ سەرداری». شازادە چارێکی نەبوو جگە لە قەبووڵی؛ دەنا لێدەبڕا تاکوو لە بن چاڵاوەکەدا بمێنێتەوە. سەرداریش هەڵیکێشاوە. ڕۆیین و ڕۆیین تا گەیشتنە وڵاتی پاشایەکی دیکە. چوونە لای ئەو. ئەو شایە شازادە درۆینەی بانگهێشتن کرد تا لە کۆشکی ئەودا و لەگەڵ ئەو بژی. شازادەی ڕاستیشی کردە خزمەتکاری ئەسپەکان. شازادە، ئەسپەکانی بردە لەوەڕاندن بۆخۆیشی لەسەر گاشەبەردێک دانیشت و بەیادی چارەنووسی خۆی فرمێسک لە چاوەکانییەوە شۆڕاوگەی بەست. لەو کاتەدا پیاوی پیری چکۆڵە لەبەردەمی قوت بۆوە و پرسی:

«ئەوە بۆ ئەوەندە دڵتەنگی؟» وەڵامی داوە: «بۆ وا نەبم؟ بابم منی لە کۆشک وەدەرناوە؛ چونکە بوومە هۆی هەڵاتنی تۆ. ئێستاش سەردار بەخەڵک دەڵێ شازادە خۆیەتی و منیش دەبێ مەیتەری ئەم ئەسپانە بم.» پیاوی پیر گوتی: «دڵتەنگ مەبە. حاڵ و ڕۆژت دەگۆڕدرێ؛ ئێستا لەگەڵ من وەرە بۆ کۆشکی کچی گەورەم. شازادە پرسی: «تۆ کێی؟» پیر وەڵامی داوە: «من پاشای کارگەکانم.»

پیر شازادەی لەگەڵ خۆیدا بردە کۆشکی کچە گەورەی. هەموو شتێکی ئەم کۆشکە لە مس دروست کرابوو. ئەوەندە شیاوی تەماشا بوو کە شازادە چەندە سەعاتی بەسەیران ڕابووارد و نەیزانی چۆن ڕۆیی. لە ئاکامدا شای کارگەکان گوتی: «ئێستا کاتی ڕۆیشتنە؛ بەڵام ئێمە ڕوسمێکمان هەیە کە میوان سەوقاتی دەدەینێ؛ دادەی ئەسپە مسینە بێنن.» کارەکەر ئەسپێکی مسینەیان هێنا نێو کۆشک. ئەو ئەسپە ئەوەندە زۆردار بوو چوار زەلامی دەویست زەوتی کەن. شای کارگەکان گوتی: «ئەمە سەوقاتی منە بۆ تۆ.» شازادە – کە ترسابوو – گوتی: «من بەم ئەسپە چی بکەم؟ چوار کەسی



دەوێ تاکو زەوتی کەن.» پاشای کارگەکان گوتی: «فەرموو، ئەم چوار بۆتڵە دەوا سیحرئامێزە بگرە و چما دەتەوێ بەهێز بی، بیانخۆوە.»

شازادە دەواکانی خواردەوە و لە کات و ساتدا وای هەستی بەهێزی کرد، کە ئیدی لە ئەسپە مسینە نەدەترسا. شای کارگەکان قامیشە مسینەیەکیشی هێنا و دای بەئەو و پێی گوت: «بگرە و ئاگاداری بە. بێتو ئەمەت لەدەست دەرچێ، ئەسپەشت لە دەست دەچێ. لە ژێر زینەکەدا دەستێ لیباسە ئاسنەی تێدایە؛ ئەویش لەبەر کە.» شازادە لیباسە ئاسنینەکەی لەبەر کرد و سواری ئەسپە بوو و چوارناڵ تێی تەقاند. ڕۆژی دوایی دیسانیش چووە دارستان تاکو ئەسپەکان بلەوەڕێنێ و پاشای کارگەکانی دیت.

پاشای کارگەکان گوتی: «ئەمڕۆ دەبێ بێی بۆ دیتنی کچی نێوەنجی من.» شازادە سواری ئەسپە مسینە بوو و چوارناڵ بەرەو کۆشکی کچە ڕۆیی.

کۆشکی کچی نێوەنجی لە زێو ساز کرابوو و هەموو شتێکی لە زێو بوو. زەمان زۆر زوو تێپەڕی و پاشای کارگەکان، ئەسپە زێوینەیەکی خەڵات کرد. هەشت کەس ئەسپەیان ڕاگرتبوو. شازادە فیکری کردەوە ناتوانێ سواری ئەم ئەسپە بێت. پاشای کارگەکان بەشازادەی گوت هەشت بوتڵ لەو دەوایە بخواتەوە ئەویش وای کرد. دوایە سواری ئەسپە بوو. پاشای کارگەکان قامیشێکی زێوینەی دایە و گوتی جوان لەمە ئاگاداری بکە. ڕۆژی سێهەم شازادە چووە دیداری چکۆڵەترین کچی شای کارگەکان کە لە کۆشکێکی تەڵاییندا ژیانی دەبردە سەر. لەوێدا پاشای کارگەکان ئەسپێکی زێڕینی پێدا کە دەبایە دوازدە پیاو زەوتیان بکردبایە. شازادە دەبایە دوازدە بوتڵ لەو دەوایە بخوا تا بتوانێ سواری ئەو ئەسپە بێت. پاشای کارگەکان قامیشە زێڕینەکی دا بەشازادە و ڕوویکردە کچەکەی و

گوتی: «تۆش دەبێ سەوقاتێک بدەی بەمیوانەکەمان.» کیژە چکۆلە هێلکە زێڕینەیەکی پێ دا. شازادە سپاسی کرد و سواری ئەسپەزێڕینەی بوو و ڕۆیی. سبەینێ لە نزیکی کۆشک، کچی شای بینی لە سووچێک دانیشتووە و دەگری. شازادە پرسی: «چی قەوماوە؟ بۆ دەگری؟»

خاتوو شازادە گوتی:«بڕیار وایە سبەینێ هەژدیهاییێک لە زەریا بێتە دەر و منی بدەنێ بمخوا؛ بێتوو منی نەدەنێ ئەوە تەواوی وڵاتی ئێمە خاپوور دەکات.» شازادە دڵی بەو کیژە سووتا. ڕۆژی دوایی عەسکەری شا لە لێواری زەریا ڕیزیان گرت و کیژی شا لە نێوانیاندا وێستا و چاوەنواڕی ئەژدیها مانەوە. شازادە چووە دارستان و قامیشەکەی خستە بانگ و سەڵا. لە کات و ساتدا ئەسپە مسینە لەبەردەمی حازر بوو. شازادە بەرگە شەڕی مسینەی لەبەر کرد و سواری پشتی ئەسپە بوو و چوارناڵ بەرەو زەریا چوو. هەمان کات ئەژدیها لە زەریا هاتە دەر و کاتێک کە دیتی خەڵکی لەسەر ڕۆخی زەریا کۆزیلکەیان بەستووە، پێکەنینێکی پڕ لە گاڵتەی کرد و گوتی: «بڵێی لە نێو ئێوەدا کەسێکی تێدا بێت جەرگی ئەوەی هەبێ لەگەڵ من بەشەڕ بێ؟» کەس وەڵامی نەداوە. شازادە ئەسپی لنگدا و لە نیزیک هەژدیها وێستا. هەژدیها پرسی: «تۆ کێیی؟» شازادە: «من هاتووم لەگەڵ تۆ بەشەڕ بێم.»

ئەژدیها پرسی: «بە سواری ئەسپەوە شەڕ دەکەی یان بەپێیان؟»

شازادە گوتی: «بە سواری ئەسپەوە، ئاخر تۆش وەکو ئەسپەکەم چوار لاقت هەیە.»

ئەژدیها دەیویست فێڵێک بکات. لە هەوەڵڕا لە شازادە دوورکەوتەوە؛ بەڵام زۆر چاپووک و چالاک وەرسووڕا و خێرا لە شازادە نیزیک بۆوە. ئەو بەتەما بوو شازادە و ئەسپە پێکەوە قووت بدات؛ بەڵام وای لێ نەهات. شازادە ئەسپەی بەرەو سووچێک کێشا و شیری دەرهێنا و بەزەبرێک سەری



ئەژدیهای پەڕاند. لەشی ئەژدیهای خستەوە زەریا، سواری ئەسپەکەی بوو و ڕووی کردە دارستان و لە پاشان وشەییێکی لەم کارەساتەی بۆ کەس باس نەکرد؛ دەتگوت هیچ نەقەومابێ، شازادە ڕۆژی دوایی چووە دیداری شا و کیژی شای دیت کە بەگریان لە کۆشک دەرکەوتووە شازادە پرسی: «چ قەوماوە؟ بۆ دەگری؟» کیژ گوتی: «بڕیار وایە سبەینێ ئەژدیهای شەش سەر لە زەریا بێتە دەر و خوشکە نێوەنجییەکەم بخوا. بریا ئەو کابرا ئازایەی گیانی منی ڕزگار کرد، دەرکەوتایە و خوشکەکەشمی ڕزگار کردایە.» بەیانی شازادە بەرگی زێوینی شەڕی لەبەر کرد و سواری ئەسپە بوو و ڕووی کردە زەریا و وازی هێنا تا هەژدیهای شەش سەر دەرکەوت و پیاوانی ئازای بۆ شەڕ خواست؛ بەڵام ئەو عەسکەرەی لە لێواری زەریا بوون. هەر کام لە لایەکەوە هەڵاتن و تاق شازادە بەسەر ئەسپە زێوینەوە لەبەر دەمی ئەژدیهادا قوت بۆوە.

ئەژدیها گوتی: «وەرە پێشێ؛ پێم خۆشە تۆ و ئەسپەکەت پێکەوە قووت دەم.» ئەژدیها زاری کردەوە – ئەو زارەی کە وەک ئەشکەوت وابوو – ئاگری لە زار دەهاتە دەر؛ بەڵام شازادە، شیری کێشا و زوو هەر شەش سەری هەژدیهای پەڕاند. شازادە گورج بەرەو دارستان گەڕاوە. لیباسی داکەند و ئەسپە زێوینەکەی ناردە لەوەڕ و خۆی حازر کرد بۆ خەوتن. ڕۆژی دوایی چوو بۆ کۆشک و دیسانەکە خاتوو شازادەی دەم بەگریان دیت. لێی پرسی: «چ بووە؟» خاتوو شازادە: «بەیانی هەژدیهایەکی دوازدە سەر لە زەریا دێتە دەر تاکو خوشکە گەورەکەم بخوا. خۆزیا پیاوێکی ئازا پەیدا دەبوو و خوشکمی نەجات دەدا.» شازادە دڵی پێی سووتا و بۆ بەیانی لە دارستاندا لە قامیشە زێڕینەکەی تووڕاند. ئەسپە زێڕینە لەبەردەمی دەرکەوت، لیباسی زێڕینی لەبەر کرد و سواری پشتی ئەسپە بوو و بەرەو زەریا چوو. خوشکی گەورە لە لێواری زەریا چاوەنواڕی مردن بوو. لەپاش قەدەرێ دەنگێکی سامناک هەستا و ئاو کوڵا و هەژدیهای دوازدە سەر لە

ئاو هاتە دەر و بەرەو قەراخ زەریا خوشی. عەسکەر و پیاوانی دەرباری شا هەر کام بەلایەکدا هەڵاتنبوون؛ تاک شازادە لە جێی خۆی مایەوە. هەژدیها قاقایەکی سامناکی لێدا و گوتی: «زۆر چاکە؛ وەرە پێشێ با تۆ و ئەسپەکەت پێکەوە هەڵلووشم.» ئەژدیها دەمی کردەوە، شازادە شیری دەرکێشا و شەش سەری ئەوی قرتاند. ئەژدیها تووڕە بوو و بەکلکی زەبرێکی لە ئەسپی شازادە وەشاند. لە دەمی ئەژدیهاوە ئاگر بڵێسەی دەکێشا دەرێ و لە کونە لووتییەوە هەڵم هەڵدەستا و دەیهەویست شازادە هەڵلووشێ. شازادە سەرنجی دا، پاشای کارگەکان لە پشت گاشە بەردێکەوە دەڵێ: «پەلە بکە و هێلکە زێڕینە بشکێنە.» شازادە هێلکە زێڕینەی لە گیرفان دەرهێنا و دوو لەتی کرد. دەیان پیاوی شەڕانی لە هێلکە زێڕینە دەرپەڕین و هەشاوڵیان بردە سەر هەژدیها. هەژدیها گێژ ببوو. شازادە لەم دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و بەزەبرێک شەش سەرەکەی دیکەی هەژدیهاشی پەڕاند. هەژدیها کولا. شازادە توێکڵە هێلکەی هەڵگرتەوە. پیاوانی شەڕانی چوونە جێگەی خۆیان. شازادە توێکڵە هێلکەی پێکەوە نووساندەوە و بۆ دارستان گەڕاوە و بۆی خەوت. کاتێ چاوی هەڵێنا. دیتی پاشای کارگەکان لە شانی وێستاوە؛ بەشازادەی گوت: «زووبە هەستە بڕۆ بۆ کۆشک. سەردارەکەت بە شای گوتووە ئەو هەر سێ ئەژدیهاکەی کوشتووە و دەیهەوێ لەگەڵ خاتوون شازادە زەماوەند بکات.» شازادە لیباسە مسینەی لەبەر کرد و سواری ئەسپە مسینە بوو و خێرا خۆی گەیاندە کۆشک و بینی کە سەردار موددەعییە کە چۆنی ئەژدیها کوشتووە. چووە پێشێ. خاتوو شازادەی چکۆلە ئەوی دیت و گوتی:

«ئەمە هەمان پیاوە کە منی ڕزگار کرد.»

بەڵام شازادە هاتەوە دارستان. لە قامیشە زێوینەکەی تووڕاند. ئەسپە زێوینە پەیدا بوو. شازادە لیباسە زێوینەی لەبەر کرد، سواری ئەسپە بوو و



چوو بۆ کۆشک. کیژی نێوەنجی ئەوی دیت و گوتی: «بابە شایکە، ئەمە ئەو کابرایەیە وا منی ڕزگار کرد.» بەڵام شازادە ڕانەوێستا و ئانەن گەڕاوە دارستان. قامیشە زێڕینەی تێ تووڕاند. ئەسپە زێڕینە دەرکەوت. شازادە لیباسە زێڕینەی لەبەر کرد و سواری ئەسپ بوو و چووە کۆشک. کیژە گەورەی شا ئەوی دیت و گوتی: «باوکە شایکە، ئەمە هەمان کابرایە کە گیانی منی ڕزگار کرد.» شازادە دەیهەویست بگەڕێتەوە. بەڵام شا بەری پێگرت و گوتی دەیهەوێ ئەو کەسە خەڵات کات کە گیانی کیژانی ئەوی ڕزگار کردووە. شازادەیێک لێرەیە کە دەڵێ گیانی کیژانی منی نەجات داوە؛ بەڵام کچان دەڵێن تۆ نەجاتت داون.»

شازادە گوتی: «ئەو کابرایەی دەڵێ شازادەیە، لە ژێر دەست و چاودێری مندا خزمەتی دەکرد. ئەو یەکێ لە سەردارانی بابی منە.»

شا سەیر ما و گوتی: «کەوابوو شازادەی ڕاستەقینە تۆی؟ من خەڵاتێکی گەورە دەدەم بەتۆ؛ تۆش دەبێ لەگەڵ یەکێ لە کیژانی مندا زەماوەند بکەی.» بەڵام شازادە قبووڵی نەکرد. ئەو گەڕاوە نێو دارستان. چووە کۆشکی زێڕین. ئەو جێگەی کیژی چکۆڵەی پاشای کارگەکانی لێ دەژیا. ئەو لەگەڵ ئەو کیژە زەماوەندی کرد و عەیامی بەخۆشی ڕابووارد. بەڵام لەو ڕۆژە بەملاوە کەس پاشای کارگەکانی نەدیوە.

# ڕاوێژکاری فرەزان



چەند سـالێـک لەمـەوبەر لاوێکی هەژار، بە جـادەیێکدا دەڕۆیی. کـاتێ مـاندوو بوو، لە قەراخی بەردێک لەسەر چیمەن دانیشت. لە توورەکەکەی نانی دەرهێنا و خواردی. لە پاشان درێژ بوو و خەوت. لە خەودا وای بەزەیندا هات دەنگێک قسەی لەگەڵ دەکا. لە خەو هەستا؛ بەڵام گوێی هەر لە دەنگەکە بوو. دەتگوت دەنگەکە لە ژێر بەردەکەوە یان لە ژێر عەرزەوە دەهات. لاوەکە گوێی بەبەردەکەوە نووساند و بۆی دەرکەوت دەنگەکە لە ژێر بەردەکەوە دێت. لاو ورد گوێی دایە و بیستی کەسێک دەڵێ: «ئەی لاوی چاک و دلۆڤان! تکایە من لەم زیندانە درێژ و گرانە ڕزگار بکە. حەوسەد ساڵە کە من خراپترین ڕەنج و دژواری دەکێشم؛ بەڵام زیندانبانەکەم بەرمنادات. تۆ لە کاتی تاوهەڵاتنی جەژندا لە دایک بووی و بەم هۆیەوە



دەتوانی ڕزگارم کەی.» لاو گوتی: «من نازانم دەتوانم ڕزگارت کەم یان نا. پێم بڵێ چی بکەم تا تۆ ڕزگار بی؟»

کابرا گوتی:

«بەر لە هەمـوو شتێ دەبێ دار سماقێک بدۆزییەوە کە لە قەراخی مەزرایێک شین بووبێ و لکێکی بەئەستووری و درێژی قامکێک لێ ببڕی. لە پاشان چەند لک زیرە و عەنناب پەیدا کەی و هەمووی ئەوانە پێکەوە ئاگر دەی و نۆ جار بەدەوری ئەم بەردەدا بسووڕێی و لە حاڵێکدا ڕووت لە بەردەکە بێ و دووکەڵی ئەم شووڵانە لە بەردەکە بهاڵێ. ئەو کاتە دەرکی بەندەکەی من دەکرێتەوە و من دەتوانم خۆر ببینم.

بێتوو من ڕزگار کەی، من تۆ دەوڵەمەند و بەنێوبانگ دەکەم.»

لاو گوتی: «یارمەتی کردنی دیتران ئەرکی هەموو ئینسانێکە. من ئەوەی لە دەستم بێ دەیکەم؛ بەڵام تۆ دەبێ سوێند بخۆی کاتێ ڕزگار بووی ئەزرەبەت بەکەس نەگا.» دەنگەکە سوێندی خوارد. لاو چوو بۆ دارستان و دار سماق و دار زیرە و عەننابی دیتەوە و لک و پۆپی لێ بڕین و گەڕاوە. کاتێ خۆرهەڵات ئاگری دان و نۆ جار لە دەوری بەردەکە سووڕا؛ لە وەزعێکدا ڕووی لە بەردەکە بوو. لە ناکاو دەنگێکی بڵند بەرز بۆوە، وەک ئەوەی عەرزی قەڵەشیبێ. هەر لەو کاتەدا بەردەکە لە جێی خۆی جووڵا و ڕۆیی بۆ ئاسمان و پیرە پیاوێکی چکۆڵە لەو ژێرەوە هاتە دەر و هەڵات. لە پاشان دیسانەکە بەردەکە هاتەوە سەر عەرز و تۆز و خۆڵێکی زۆر هەستا. پیرە پیاو گەڕاوە و دەستی لاوەکەی ماچ کرد و بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاوە:

«لە عەیامەکی دووردا من سێحربازێک بووم کە یارمەتی هەموو کەسم دەدا. نەخۆشم چاک دەکردەوە، تەلسمی سێحربازی بەدفەڕم باتڵ دەکرد. سێحرباز لە دەستی من ناڕازی بوون؛ بەڵام دەرەوەستم نەدەهاتن. تاکوو لە

سێحربازی بەدفەڕی گەورەیان یارمەتی خواست. پوولێکی زۆریان دایە. ئەویش بەمەکر کەرەسەی منی دزی و منی لە ژێر ئەم بەردەدا زیندانی کرد و گوتی: تەلسمی زیندان بەدەستی کەسێ دەکرێتەوە کە لە کاتی خۆرهەڵاتنی ڕۆژی جەژندا لە دایک بووبێ. من حەوسەد ساڵ زیندانی بووم تاکوو تۆ گەیشتی و ڕزگارت کردم. لەمەو بەدوا من خزمەتکاری تۆم و تێدەکۆشم شادمانت کەم. تۆ ئەوەندە بتەوێ و سامانت دەبێ، هەڵبەت تۆش یارمەتی من دەدەی دوژمنانی خۆم تێکشکێنم. تا ئەو کاتە من دەبێ خۆم بۆ هەر شکڵێک بگۆڕم. ئێستاکەش دەبمە مێرووله و خۆم لە گیرفانی تۆدا دەشارمەوە. هەر کاتێ پێویست بوو پێت دەڵێم چی بکە. پێویستیم بەخواردەمەنی نییە چونکە حەوسەد ساڵ بێ خواردەمەنی ژیاوم. تەنیا پێویستم بەخۆر و هەوایە. ئێستا وا باشە بۆی بخەوین؛ چونکە سبەینێ ڕێگەیەکی دوور و درێژمان لەبەرە.»

ڕۆژی دوایی -کاتی خۆرهەڵات- لاو لە خەو هەستا و تەماشای دەوروبەری کرد؛ چ نیشانێک لە پیاوە پیرە نەبوو. لاو بەگومان کەوت کە بڵێی ئەوی لە خەودا دیبێ یان لە بێدارییا؟ بڕێکی نان خوارد و دەیهەویست وەڕێ کەوێ کە سێ ڕێبوار لە ڕێوە گەیشتن. بەسەروگوێلاک و لیباس و ئەو توورەکە پێستانەی بەشانیانەوە بوو لەوە دەچوو سەنعاتکار بن. لەو کاتەدا دەنگێک لە قەراخ گوێی ڕا پێی گوت:

«بەوانە بڵێ لێرە کەمێ پشوو بدەن، دوایە لێیان پرسیار بکە بۆ کوێ دەچن.»

لاو چووە سۆراغی ئەوان و لێی پرسین بۆ کوێ دەچن؟ ئەوان گوتیان چەند ڕۆژ لەمەوبەر تەنیا کیژی شا تێدا چووە. شازادە خاتون خنکاوە و باوەکوو ئەو چۆمە مەلەی تێدا کردووە قووڵ نەبووە، بەڵام نەیانتوانیوە بیدۆزنەوە.» هەمان کات لاو بیستی کە دەنگەکە بەگوێیدا چپاند: «بێتوو بتەوێ ئیقباڵ ڕووت تێ بکا لەگەڵ ئەم پیاوانە وەڕێ کەوە.» لاو لەگەڵ



ئەوان وەڕێ کەوت و کەمێ لەولاتر گەیشتنە دارستانە کاجێک. لە قەراخ ڕێگە توورەکەییێک کەوتبوو. دەنگەکە بەلاوی گوت:

«ئەو توورەکە کۆنە هەڵگرە بەڵکو بەکەڵکت بێ.»

لاو بیری کردەوە توورەکەییێکی ئاوەها کۆنە و کۆنار بەکەڵکی چیی ئەو دێت؛ بەڵام هەڵیگرتەوە و خستییە سەرشانی و بەپێکەنینەوە گوتی:

«بەڵکوو ئەم توورەکە عەیامێک بەکەڵکمان بێ؛ کێ چووزانی.» دۆستانی ئەو گاڵتەیان پێ کرد؛ بەڵام زوو تێگەیشتن ئەم توورەکەیە ئاسایی نییە. ئەوان لە ڕێبڕین لەبەر خۆرەتاوی داغ ماندوو بوون. لە ژێر دارێک دانیشتن تاکو بڕێک ماندوویەتی دەربکەن و خواردەمەنییەک بخۆن. پیرەپیاوی چکۆلە بەگوێی لاویدا چرپاند: «بەم توورەکەیە ئەمر بکە خواردەمەنی بەلەزەت و شەربەتی فێنک ساز بکا.» لاو بیری کردەوە پیرە پیاو گاڵتەی لەگەڵدا دەکا. بەڵان دیسانیش توورەکەی هەڵگرت و چەند شوڵێکی لێ دا و گوتی:

«زۆر زوو چێشت و شەربەتمان بۆ ساز کە.»

لەو کاتەدا ڕووداوێکی سەیر قەوما؛ مێزێکی گەورەی پڕ لە خۆراکی ڕەنگاوڕەنگ حازر بوو. مریشکی سوورەوەکراو، گۆشتی کەبابکراو، تۆنگە شەربەتی فێنک. هەموویان تاکو توانییان خواردیان و خواردیانەوە. کاتێک تێر بوون و کشانەوە مێز لە چاو ون بوو و لە جێگایدا توورەکەکە قوت بۆوە. ئێستا ئەو سێ کەسە لەسەر هەڵگرتنی توورەکە شەڕیان بوو. هەرکامیان دەیانهەویست بۆ خۆیان توورەکەکە هەڵگرن. لاو کە دیتی خەریکە دەبێتە شەڕ گوتی: «من دۆزیمەوە؛ دەیجا حەقی خۆمە من هەڵیگرم.» ئەوان قسەیەکیان نەبوو؛ بەڵام دڵیان نەدەهات توورەکەییێکی ئاوەها بایەخدار لەسەر شانی لاو سووڕاوسووڕ بخوا. دەسا یەکێ لەوان دەرزی و داوی دەرهێنا و سەرپۆشێکی بۆ ساز کرد. ئەوان بێ خەیاڵ زگ

تێر و بەدڵێکی پڕ لە ئاوات، لە حاڵێکدا گۆرانییان دەگوت و پێدەکەنین وەڕێ کەوتن. شەو گەیشتنێ. ئەوان لە سووچێکی دارستان دانیشتن و ئەمریان کرد جێ و بانیان بۆ ساز کا. لە کات و ساتدا جێ و بانی خاوێن و ڕاحەتیان بۆ هات و لەسەریان درێژ بوون، بەڵام خەویان لێ نەدەکەوت، دەترسان یەکێ توورەکەکە بدزێ. بەم هۆیەوە بڕیاریان دا بەنۆرە بخەون و ئاگەداری بن؛ بەڵام یەکیان ڕایەکی باشتری دا، بڕیاریان دا هەموویان جۆرێک بخەون کە سەریان لەسەر توورەکەکە بێ و لەم وەزیعەتەدا بێتوو کەسێک بیویستایە تورەکەکە بدزێ، ئەوان لەخەو بەخەبەر دەهاتن. ئەو شەوە خەوتن و بەیانی توورەکە بەرقەندەییێکی بۆ ساز کردن. دوایە وەڕێکەوتن. حەوتوویەکی کێشا تاکو گەیشتنە پاتەخت.

لە نێو ڕێگەدا پیاوی پیر بێدەنگ بەلاوی گوت خاتوو شازادە خنکاوە. سێحربازێکی بەدفەڕ ئەوی کێشاوەتە تەندووراوێکی نێو چۆمەوە. کاتی خۆی پیرە پیاو جێگەی خاتوو شازادەی پێنیشان لاو دەدات. لاو دەبێ بچێتە لای شا و پێی بڵێ دەتوانێ خاتوو شازادە ڕزگار بکات.

لاو چووە لای شا و پێیگوت دەتوانێ خاتوو شازادە بدۆزێتەوە. شا کە هیوا بڕاو ببوو زۆر شادمان بوو و گوتی بێتوو بتوانی، هەرچیت بوێ دەتدەمێ. پیرە پیاو لە گوێی لاودا گوتی: «تۆ دەبێ سێ مانگ ماسی سوور بگری. ئەوان ڕێگەت پێ نیشان دەدەن.»

لاو ئەو کارەی کرد. ڕۆژی دوایی هەموو خەڵک لە قەراخ چۆمیو کۆبوونەوە تاکو چاو لێبکەن لاو چۆن خاتوو شازادە دەدۆزێتەوە. خودی شاش هات تاکو ڕووداوەکە لە نیزیکەوە بدینێ.

شا ئەمری بەخزمەتکاران کرد ئەو شوێنەی خاتوو شازادەی تێدا خنکا نیشان لاوی بدەن. لەو شوێنەدا ڕووبارەکە تەنک بوو و ڕەوتێکی کزی بوو، نەدەکرا کەسێک لەوێ بخنکێ. ئاشکرا بوو سێحرێ لە کاردایە.



پیرەپیاوی چکۆلە گوتی: «ماسییە سوورەکان بهاوە ڕووبارەکە بزانە بۆ کوێ دەچن». لاو لە قەراخ ئاوەکە خوار بۆوە. یەکێ لە ماسییەکانی خستە نێو ئاوەکە. ماسی جووڵاوە و بڕێک پێشتر چووە ژێر گاشەبەردێکەوە. ماسی دووەم و سێیەمیش چوونە هەمان جێ. پیرەپیاوی چکۆلە گوتی: «سێ جار لاقت لە عەرزی بکوتە و خۆت حەوادە نێو ئاوەکە، دەزانم بچینە کوێ» لاو ئەو کارەی کرد و چووە لای گاشەبەرد و دیتی لەوێ کونێکی چکۆلە هەیە. بەواوەیلا خۆی بەکونەدا کرد و دیتی دەرگای ئەشکەوتێکە. لەوسەری ئەشکەوتەوە دێ کە ڕێگەی بۆ دۆڵێکی سەوزەڵان و شیناوەرد هەیە. لاو چووە پێشتر و دیتی لە مەودایێکی دووردا ماڵێکی گەورەی بەردینە بەرچاو دەکەوێ. پیاوەپیرە بەلاوی گوت:

«باش گوێ بدەیە. ئەوە ماڵی جادووگەرە و خاتوو شازادە لەوێ لە بەند دایە. دوو هورچی گەورە شەو و ڕۆژ ئاگاداری لەو ماڵە دەکەن. ئەمر بەتوورەکە بکە ببێتە پلۆرەی مێش هەنگوین و شانە هەنگوین و حەوای دە بەردەمی ئەو هورچانە.»

لاو هورچەکانی دیت. زۆر گەورە و دڕندە بوون. لە حاڵێکدا دڵی زۆر توند لێیدەدا چووە پێشێ و پلۆرەی هاوێشتە بەردەمیان. پلۆرە پڕ لە هەنگوین بوو. بەجۆرێک هورچەکان لە خۆشیانا نەیاندەزانی چی بکەن. لاو بێدەنگ لەبەر دەمیانەوە ڕابوارد و چووە نێو کۆشکەوە.

پیرە پیاوی چکۆلە گوتی: «لێرە دوو دەرگا هەیە. یەکیان لە لای چەپە کە کلیلێکی زێڕینەی هەیە و یەکیان لە لای ڕاستە کلیلی زێوینە. دەرکی هەوەڵ، قفڵ بکە با سێحربازەکە نەتوانێ بێتە دەرێ؛ لە پاشان دەرکی لای ڕاست بکەرەوە و خاتوو شازادە ڕزگار بکە.»

لاو تاکو دەرگای لای چەپی قفڵ کرد، دەنگە دەنگی گرمەییێک هەستا و دیوارەکانی لەرینەوە. دوایە هەڵات و دەرکی لای ڕاستی کردەوە خاتوو

شازادەی دیت بەرۆخسارێکی دڵتەنگەوە لەسەر کورسییەک دانیشتووە. خاتوو شازادە ئەوی دیت ترسا؛ بەڵام کاتێ زانی ئەو لاوە بۆ ڕزگارکردنی ئەو چووە شادمان بۆوە. لاو گوتی: «دەبێ پەلە بکەین ئێستاکە هەنگوین تەواو دەبێ و هورچەکان سۆراغمان دەکەن.» دەستی خاتوو شازادەی گرت و بەرەو دەرگاکەی برد. هورچەکان کە سەریان بەپلۆرە گەرم بوو، ئاگایان بەوان نەکرد و ئەوان لە حەساری کۆشکەوە چوونە دەرێ. پیرە پیاوی چکۆلە گوتی: «بە توورەکەکە بڵێ بگەڕێتەوە.»

لاو توورەکەکەی بانگ کردەوە و توورەکە هاتەوە نێو دەستی ئەو. لاو بەخاتوو شازادەی گوت: «ئەشکەوت تاریک و باریکە؛ بەڵام مەترسێ، دەستی من بگرە. کاتێ گەیشتینە ژێر ئاوەکە چاوەکانت بنووقێنە و مەیکەرەوە تاکو لە چۆمەکە دەچینە دەرێ.»

کاتێ ئەوان گەیشتنە قەراخ چۆمی، زیاتری خەڵک گەڕابوونەوە بۆ ماڵەکانیان. بەڵام شا لەوێ ڕاوەستابوو و چاوەنوارِ بوو. ئەو لە دیتنی کیژەکەی ئەوەندە شادمان بوو کە ئەندازەی نەبوو. هەواڵی باش بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە. خەڵکی دەستە دەستە بەرەو لێوارەی چۆمی ڕایان کرد تاکو خاتوو شازادە ببینن. شا ماڵێکی گەورە و توورەکە زێڕێکی زۆری خەڵاتی لاو کرد؛ بەڵام پیاوی پیری چکۆلە بەگوێی لاودا چرپاندی: «ئێستا کە دەوڵەمەند بووی هۆیەکی نییە لێرە بمێنینەوە. من دەزانم شا زۆری دڵ پێوەیە تۆ لەگەڵ کچەکەیدا زەماوەند بکەی؛ بەڵام تۆ زۆر لاوی بۆ زەماوەند کردنت زووە. دەسا لەگەڵ من وەرە با پێکەوە دنیا بگەڕێین، تاکو گەورەتر و عاقڵتر ببی.» لاو دڵی پێوە نەبوو لەوێ بڕوا؛ بەڵام دەیزانی پیرە پیاوی چکۆلە خێری ئەوی دەوێ. جا گوێی دایە قسەی ئەو. شا و خاتوو شازادە زۆریان تکا کرد بمێنێتەوە؛ بەڵام ئەو قبوولی نەکرد. ئەو ئەوەندەی پووڵ بوو کە بتوانێ فەیتوونێ یان ئەسپێ بکڕێ؛ بەڵام پێی خۆش بوو بەپێیان



سەفەر بکا و هەموو شتێ بدینێ. بەم سۆنگەوە وەڕێ کەوت. سبەینێی ئەو ڕۆژە پیاوە پیرە پێی گوت: «خەڵکی شاری بەدوای تۆوەن تاکو توورەکەکەت لێ بدزن. ئەو سێ کەسە بەوانیان گوتووە ئەو توورەکەیە چ هەمیەتێکی هەیە. لە دار، گۆپاڵێک سازکە بەقەیرا توورەکەکە بێ. نێو گۆپاڵەکە با خالی و بەتاڵ بێ و نێوەکەی پڕ لە قەلایی و قورقوشمی تواوەبوو بکە و ئیدی لە هیچ شتێک مەترسە.»

لاو ئەو کارەی کرد و گۆپاڵەکەی لە توورەکەکەدا شاردەوە. ڕۆژی دوایی کاتێ بەدارستاندا دەڕۆیی تاقمێک هەشاوڵیان بۆ برد. پیرە پیاوی چکۆلە بەگوێیدا چپاند: «بە گۆپاڵەکە بڵێ بێتە دەرێ.» لاو ئەو کارەی کرد گۆپاڵ هاتە دەرێ و کەوتە گیانی ئەو ڕێگرانە و کوتانێکی باشی لێدان. ئەوان لە ترسی گیانیان هەڵاتن. ڕۆژی دواتر گەیشتنە گوندێک کە لەوێ جەژن بوو و خەڵکی خەریکی خواردن و گۆرانی گوتن و هەڵپەڕین بوون. پیاوی پیری چکۆلە گوتی: «کاتێکی باش گەیشتینە ئێرە. ئەو سێحربازەی منی هاویشتبووە ئەو حاڵەوە لێرەیە. ئەو کیژەی لەو سووچە ڕاوێستاوە و نێوچاوان بەندێکی سووری بەسەرەوەیە دەبینی؟ ئەوە هەمان جادووگەرە. بێتوو بتوانی ئەو نێوچاوان بەندە هەڵگری و بیدڕێنی، من ڕزگار دەبم.»

لاو تەماشای کرد و دیتی کیژێکی جوان لە سووچێک وێستاوە. لاو چووە پێشی و دەستی کرد بەقسە کردن لەگەڵ ئەو تاکو فیکری ئەوی خافڵاند، بەپەلە نێوچاوان بەندی لەسەری کردەوە و دڕاندی. هەمان کات کچە ئاهێکی کێشا و لە چاو ون بوو. چەند کەس لە لاوەکان پێیان زانی و بەرەو ئەو هەشاوڵیان برد. ئەو بەرەو دارستان ڕایکرد و بۆی دەرچوو. ئەوەندە هەڵات ماندوو بوو. پاشان لە سووچێک وێستا و دیتی پیاوێکی پیری ڕیش سپی قەد بڵند ڕا دەکات و بەرەو ئەو دێت. پیرە پیاو هێمای کرد ڕاوەستێ و پێی گوت: «ئێستا ئیدی من ناناسییەوە؟ تۆ منت ڕزگار

کرد و من سپاست دەکەم.» لاو تێگەیشت ئەوە هەمان پیاوە پیری چکۆلەیە کە ئێستا بەئەندازەی ئاسایی لێ هاتۆتەوە. ئەم پیاوە پیرە کە دلێکی دلۆڤانی بوو بۆی باس کرد کە جادووگەری بەدفەڕی گرتووە و زیندانی کردووە و هێزی ئەو یانی هەمان نێوچاوان بەندی سوور لە دەستی ئەم دایە و ئیدی پێویستی ناکات خۆی حەشار دات و بڕیاری وایە بەو گۆپالە ئەوەندە لە جادووبازی بەدفەڕ بدات تاکو بزانێ ئەو خاتوو شازادانەی بەگشتێ ماڵ و سامانەوە لە دەستی ئەودا یەخسیرن لە کوێن و بێتوو بتوانێ ئەوان بدۆزێتەوە بەشێک لەو ماڵ و سامانە دەکەنە خەڵات. دوایە پیر و لاو چێشتێکی باشیان خوارد و خەوتن.

ڕۆژی دوایی پیاوی پیر ئەمری بەگۆپاڵ کرد تاکو جادووبازەکە بکوتێ. گۆپاڵ دەستی کرد بەکوتانی جادووباز. جادووباز هاواری دەکرد و تکای دەکرد دەستی لە کۆڵ کەنەوە. پیاوی پیر دەستووری دایە تاکو ئەو سێ خاتوو شازادە و ماڵ و سامانەکەیان بگەڕێنێتەوە؛ بەڵام جادووبازی بەدفەڕ گوتی سەدەها ساڵ لەو زەمانەوە کە ئەوانی یەخسیر کردووە تێپەڕیوە و ئەو وەبیری نایەتەوە ئەوانی لە کوێ زیندانی کردووە. پیرە پیاو دیسانەکە ئەمری بەگۆپاڵ کرد تاکو جادووباز بکوتێ. جادووبازی بەدفەڕ خێرا جێگەی زیندانی کردنی خاتوو شازادەکانی گوت. پیاوە پیرە و لاو، جادووبازیان لە توورەکەیەک کرد و دەرکی توورەکەیان بەست و ئەویان لەسەر بەردهەڵدێرێکەوە شۆڕ کردەوە و خۆیان ساز کرد تاکو بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی خاتوو شازادەکانی لەوێ زیندانین؛ بەڵام ڕێگا زۆر دوور بوو. پیاوی پیر توورەکەکەی بەشکڵی مەنجەڵێکی گەورە دەرهێنا و دوو باڵیشی بۆ ساز کرد. ئەوان سوار بوون و مەنجەڵەکە وەحەوا کەوت. چەند شەو و ڕۆژ سەفەریان کرد. مەنجەڵ لە وڵاتانێکی زۆرەوە تێپەڕ بوو و هەروەها خواردەمەنیشی بۆ جێبەجێ دەکردن. لە ئاکامدا ڕۆژێک پیاوی پیر ئەمری بەمەنجەڵ کرد بنیشێتەوە. مەنجەڵ نیشتەوە. ئەوان وڵاتێکی زۆر



جوانیان دیت پڕ لە گوڵ و دار و لە نێوان دارەکاندا کەلەوایەکیان دیت.

پیاوی پیر مەنجەڵەکەی وەک توورەکە لێکردەوە و بە لاوی گوت:

«تۆ دەبێ بەتەنێ بڕۆیە نێو کۆشکەوە و من ناتوانم لەگەڵت بێم.» لەپاشان خیزی بن دیوارە ڕووخاوێکی لادا و دەربیجەییێک دەرکەوت. دەربیجەکەیان کردەوە لە ژێریدا ڕیزە پلیکانێکی لێ بوو. پیاوی پیر پەپوولەییێکی گرت و لە سەندووقێکی هاویشت و بەلاوەکەی گوت: «هاتوو ویستت خاتوو شازادەکان بناسی و یەکیان هەڵبژێری، ئەم پەپوولە هەڵاوە؛ بۆلای هەرکامیان چوو هەمان هەڵبژێرە.» لاو لە پلیکان ڕۆیشتە خوارێ و خۆی لە دالانێکی تاریکدا دیت. ڕۆیی و ڕۆیی تا لە ئاکامدا تیشکێکی بەرچاو هات. ڕۆیشتە پێشتر و دیتی لەو سەری دالاندا باخێکی جوان بەرچاو دەکەوێ و لە نێوەڕاستیدا کۆشکێکی گەورەی تێدایە. پیاوێکی ڕیش سپی لەبەر دەرکی کۆشک وێستابوو و گوتی: «کوڕم! وەرە پێشێ و ئیقباڵی خۆت تاقی کەوە. بێتوو بزانی کام لەو سێ خاتوو شازادانە لاوترە و لە گەڵکوو دەستی بگری، هەمووی ئەوانەی لەم کۆشکەدا لە خەوی جادوودان وەخەبەر دێن، دەنا بۆخۆشت خەوت لێدەکەوێ.»

لاو ئەو مجرییەی لە باخەڵیدا بوو دەری هێنا و وەدوای پیاوی پیر کەوت. ئەوان لە چەند هۆدە تێپەڕین و گەیشتنە هۆدەیەک کە سێ کچی جوان لەسەر سێ تەخت خەوتوو بوون.

لاو تەماشای ئەوانی کرد؛ بەڵام نەدەکرا بزانێ کامیان لاوترن. ئەو پەپوولەکەی هەڵفڕاند. پەپوولە هەڵفڕی و لەسەر تەختێ نیشتەوە. لاو زوو چووە پێشێ و دەستی خاتوو شازادەی گرت. خاتوو شازادە چاوی کردەوە و بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەوروبەری کرد. کاتێ لاوی دیت شادمان بوو و گوتی:

«تۆ لاوێکی ئازای؛ تەلسمی ئێمەت شکاند و ئێمەت ڕزگار کرد. سەرباقی خوشکەکانیش لە خەو هەستان و سپاسی لاویان کرد و پێکەوە لە کۆشک چوونە دەر. لە کوێرە ڕێیەکەوە ڕۆیشتن و گەییینە دالانێکی تاریک. چوونە پێشێ؛ بەڵام کاتێ گەیشتنە ئەو جێیەی دەبایە پلیکانی بایە، تەماشایان کرد چ پلیکانی لێ نییە. زۆر نارەحەت بوون، بەڵام بەزۆر و زەحمەت لە دیواری ئەشکەوت سەرکەوتن و چوونە دەرێ و دیتیان (منداڵەکان فیکر دەکەن چییان دیت؟) لە جێگەی کەلاوەکان کۆشکێکی جوانیان دیت و لە پشت کۆشکەکەش شارێکی دیکە بوو. هەر لەو کاتەدا پیاوی پیر هاتە پێشوازییان و بەخێرهاتنی کردن و دەستی لاوی گرت و بردیە قەراخ زێیەکی چووکە - زێیەکە ئاوێکی ڕوون و گەشی تێدا بوو - ئەو بەلاوەکەی گوت:

«خۆت لە ئاوەکەدا تەماشا بکە و بدینە چ ئاڵ و گۆڕێکت بەسەردا هاتووە.»

لاو تەماشای کرد و دیتی قیافەی زۆر جیددی و بەئەزموون بووە. پیر گوتی: «تۆ لەگەڵ خاتوو شازادەی لاو زەماوەند بکە. ئەمە دوایین کارە کە توورەکەی جادوو بۆ تۆی دەکات. ئەم کۆشکە ئی تۆیە و خاوەنەکەی تۆی. منیش وەدووی کاری خۆم دەکەوم. هیوادارم وەڵامی چاکەی تۆم بەچاکی دابێتەوە.»

ئەمەی گوت و لە چاو ون بوو. لاویش لەگەڵ خاتوو شازادە زەماوەندی کرد و بەخۆشی و کامەرانی لە کۆشکدا دەژیان؛ تا ئەو ڕۆژەی شا مرد و لاو بەجێی ئەو بوو بە شا.

# شازادەی بەئەمەگ

سالّیانی پێشوو، پاشای وڵاتێکی دوور – که بۆ ڕاو چووبووه دارستان؛ ڕێگەی ون کرد. ئەو بۆ هەر لایەک دەچوو تاکو کوێره ڕێییەک بدۆزێتەوه؛ بەڵام نەیدەتوانی. ئیدی ماندوو و هیوا بڕاو ببوو که له ناکاو پیاوێکی پیر لەبەردەمی پەیدا بوو و پێی گوت:

«لەم دارستانەدا بەشوێن چیدا دەگەڕێی؟ لێره هیچ شتێک نییه بێجگه له جرِ و جانەوەری دڕنده». شا گوتی: «من ڕێگەم ون کردووه و له ڕێگەیەک دەگەڕێم تا له دارستان بچمه دەرێ.» کابرای پیر پێی گوت: «من یارمەتیت دەدەم بەم مەرجەی بەڵێنم پێ بدەی کاتێ گەیشتییەوه ماڵێ، هەوەڵ شت که چاوت پێی کەوت بیدەی به من.»

شا بیری کردەوه و گوتی: «هەوەڵ شت که له گەڕانەوەدا بۆ ماڵێ دەیدینم، سەگه بەوەفاکەمه؛ بۆ دەبێ ئەو سەگه بدەم بەتۆ؟ بۆخۆم دەگەڕێم و ڕێگه دەبینمەوه.» لەگەڵکوو ئەم قسەی کرد پیره پیاو له چاوان ون بوو.



شا سێ شەو و سێ ڕۆژ له دارستاندا وێلان بوو. ڕۆژی چوارەم هەمان پیره پیاو له بەردەمیدا قوت بۆوه و گوتی: «ئێستا مەرج دەبەستی خەڵاتی من بدەی؟».

بەڵام شا که پیاوێکی تۆسن بوو قەبووڵی نەکرد و هەمدیسان له دارستاندا بەدەوری خۆیدا خولاوه تا له ماندوویەتیدا له پێ کەوت و بەسەر عەرزدا پان بۆوه و فیکری کردەوه هەر لەوێ دەمرێ. دیسانەکەش کابرا پیره – که جادووبازێکی بەدفەڕ بوو – لێی قوت بۆوه و گوتی: «ئەم سەگه ئەوەنده بۆ تۆ بایەخداره که دەتەوێ گیانتی فیدا کەی؟ بێتوو ئەو کارەی پێت دەڵێم بیکەی بەساخی دەگەیەوه ماڵێ.» شا گوتی: «ئەوەی بتەوێ دەتدەمێ، بەوان شەرت ڕێگەم پێ نیشان دەی.» هێشتا ئەم قسەی تەواو نەکردبوو که دیتی له قەراخ دارستان ڕاکشاوه و کۆشکێک له دوورەوه دیاره، هەستا و بەرەو کۆشک ڕۆیی؛ بەڵام له بەدئیقباڵیدا هەوەڵ شتێک که دیتی کوڕه چکۆڵەکەی بوو که له باوەشی قەرەواشەکەیاندا بوو. شا ترسا و هاواری کرد ئەو منداڵه لەبەر چاوی دوور کەنەوه. تازه ئەودەمه سەگه هاته پێشێ و کلکی بۆ خاوەنەکەی ڕاوەشاند؛ بەڵام شا تووڕه بوو و هەمیەتێکی پێ نەدا. کاتێ تووڕەیی شا دامرکا، ئەمری کرد کچه چکۆڵەکەی کابرا دێهاتییەک بێنن بۆ کۆشک و گەورەی کەن و لەبریدا کوڕەکەی نارده ماڵی کابرای دێهاتی. ساڵێک تێپەڕی و سێحربازەکه هات بۆ کۆشک. ئەو بەهیچی نەزانی و فیکری کردەوه کچه چکۆڵه کچی شایه. کچەی هەڵگرت و بردی. شاش زۆر خۆشحاڵ بوو که دیتی سێحربازەکه به هیچی نەزانیوه.

ساڵانێک تێپەڕی. شازاده گەوره بوو و گەڕاوه بۆ کۆشکی باوکی؛ بەڵام کاتێ ئەو بەسەرهاتەی بیست و زانی کەسێکی دیکەیان بەجێگەی ئەو قوربانی کردووه و دەبێ ئەزرەبه و جەزرەبەی کێشابێ، پێی ناخۆش بوو و

بەلێنی دا ئەو کیژە بدۆزێتەوە و ڕزگاری بکات. ڕۆژێک لیباسی خەڵکی دێهاتی لەبەر کرد و توورەکە نۆکێکی بەشانی دادا و ڕووی کردە دارستان. لەوێ دەستی کرد بەشین و گریان: ئەی هاوار لەم دارستانەدا ون بووم، ئای بۆ کەسێک پەیدا بێ و ڕێگەم پێ نیشان بدا. لە هەمان وەزیعەتدا پیاوێکی پیر دەرکەوت کە ڕیشێکی درێژی بوو. پیاوی پیر سڵاوی لە شازادە کرد و گوتی: «من ڕێگە دەزانم و تۆ لەم دارستانە دەرباز دەکەم بەو مەرجەی لە جێگەیدا خەڵاتێکی باشم بدەیەی». شازادە گوتی: «دێهاتییەکی هەژاری وەک من چیی هەیە بیدا بەتۆ؟ تەنانەت ئەم لیباسەی کە دەیبینی لەبەرمدایە، خاوەن کارەکەم پێیداوم تاکو لە کاتی بەخاک ئەسپاردنی پوورمدا کە بەم زووانە مردووە لەبەری کەم». سێحربازەکە پرسی: «بەڵام توورەکەکەت دەڵێی قورسە، چت لە نێویدایە؟» شازادە وەڵامی داوە: «بڕێک نۆکە. دەبێ بیبرژێنم. داب و نەریت وایە لە میوانەکان بە«لەبلەبی» میوانداری بکرێ. پوورم ئەوەندە هەژار بوو کە من لێبڕام ئەم نۆکە لە خاوەن کارەکەم وەرگرم و لە بریدا ڕۆژێکی کار بۆ بکەم؛ بەڵام ئێستا ڕێگەکەم ون کردووە». سێحرباز گوتی: «من ڕێگەت پێ نیشان دەدەم، لە بریدا دەبێ کارم بۆ بکەی؛ قەبووڵی دەکەی؟» شازادە گوتی: «بۆ من تەوفیری نییە بۆ کێ کار بکەم. ئەوەندەی لە یادمە هەمیشە کارم کردووە. ئێستا پێم بڵێ چەندەم دەدەیەی؟» جادووباز گوتی: «دوو وادە چێشتی گەرم لە ڕۆژدا، حەوتووی دوو جاریش گۆشت و هاتوو بتنێرم بۆ جێگەی دوور ڕۆن و ماسیشت دەدەمێ. لیباسیشت دەدەمێ. پەڵە زەوییەکیشت دەدەمێ کە چیت ویست تێیدا بچێنی.»

شازادە گوتی: «قەبووڵ دەکەم. بەخاک سپاردنی پوورم بەبێ منیش جێبەجێ دەبێ؛ لەگەڵتدا دێم.» پیاوە پیرە و شازادە وەڕێ کەوتن. پیاوە پیرە قسەی دەکرد و پێدەکەنی و ئاگادار نەبوو کە شازادە نۆکەکە لە توورەکە دەردێنێ و بەعەرزیدا دەپرژێنێ. ئەوان شەوێ لە دارستان خەوتن و



بەیانی هەمیسان وەڕێ کەوتن. کاتی خۆرئاوا گەیشتنە بەردێکی گەورە، کابرا پیرە ورد لە دەوروبەری ڕوانی و لە پاشان سێ جار لاقی لە عەرز کوتا، گاشە بەرد لاچوو و ڕێگەیەک بەبن عەرزیدا دەرکەوت. پیرە هێمای لە شازادە کرد بەدوایدا بڕوات. هەموو جێیەک تاریک بوو. وا بەزەیندا هات ڕێگە دەگاتە بن عەرزی. بەڵام پاش ماوەیێک سۆیەکی کز دەرکەوت. بڕێک چوونە پێشتر، هەوا ڕوون بۆوە و گەیشتنە دارستانێک؛ بەڵام ئەو سۆیە نووری خۆر یا مانگ نەبوو. زەوی و دار و مەل هەموو جۆرێکی دیکە بوون. لە هەموو شتێ خەراپتر بێدەنگییەک بوو کە هەموو جێگاییێکی داگرتبوو. باڵندە لەسەر دار نیشتبوون؛ بەڵام دەنگیان لێوە نەدەهات. ئاو بەڕووباردا دەڕۆیی؛ بەڵام دەنگی نەبوو. بای دەهات؛ بەڵام وسکوت و بێدەنگ. پیرەش وشەییێکی قسە نەدەکرد و کاتێ شازادە هات قسە بکات، دەنگی دەرنەهات. ئەوان هەر وا دەڕۆیینە پێشێ. لە ناکاو دەنگێک بەگوێی شازادە گەیی، لەوە دەچوو ڕەوە ئەسپێک لە دوورەوە بڕوا. پیرە گوتی: «خەریکن لە مووبەق حەلیم ساز دەکەن. ئەمە دەنگی گەنم ورد کردنە.» دیسانەکە ڕۆیینە بەرەوە، شازادە دەنگی سەدان مشاری بەگوێ گەیشت کە دەتگوت پێکەوە دار دەبڕنەوە. پیرە گوتی: «ئەمە دەنگی خاتوونی گەورە، دایە گەورەی منە کە لە خەودا خوڕە خوڕ دەکا». دیسانەکە چوونە پێشتر و شازادە مەزرای پیرەی دیت کە زۆر گەورە بوو. پیرە بەدەنگێکی پڕ لە هەڕەشە بەشازادەی گوت: «دەبێ زۆر بەهۆش و گۆش بی، لێرە بەولاوە دەبێ بەیاسای ئێرە هەستی و دانیشی؛ دەنا زۆر خەراپ تەمێ دەکرێی. یەکێ لەم یاسایانە بێدەنگییە. دەبێ زبانت ڕاگری.»

ئەوان چوونە نێو ماڵێ و شازادە کیژێکی جوانی دیت و بەزەینیدا هات: «دەبێ ئەمە کیژی پیرە بێت». کچە چی نەگوت و خەریکی ڕێک و پێک کردنی مێز بوو. کاتێ مێز ساز بوو چێشتی هێنا. دوایە ڕۆیشت و لە

سووچێک دانیشت و خەریکی گۆرەوی چنین بوو و ببرای ببرِ تەماشای شازادەی نەکرد. لە دایکە گەورەی پیرە نیشانێک نەبوو. پیرە هەموو خواردەمەنی سەر مێزەکەی خوارد. - بەقەدەرای بەشی چەند کەس دەبوو- بەوانیشی گوت: «بن مەنجەڵەکە خاوێن کەنەوە و بیکرێنن، ئەوەندەی پێوە ماوە ئێوە تێر کات. ئێسکەکان بدەن بەسەگەکە.» شازادە دڵتەنگ بوو؛ چونکە عادەتی نەبوو پاشماوەی خەڵک بخوات، بەڵام چاری نەبوو. ئەو و کچە لەسەر مێز دانیشتن و ئەوەندی تێکۆشا لەگەڵ کچە قسە بکا. کچە بەنیگا تێی گەیاند: باش وایە بێدەنگ بێ. پیرە لە قەراخ کوچکاور دانیشتبوو و تەماشای ئەوانی دەکرد. کاتێ شازادە لە خواردن کشاوە، پیرە ڕووی تێ کرد و پێی گوت: «دوو ڕۆژت مۆڵەتە تاکو ماندوویی لەشت دەرکەی؛ بەڵام دووسبەی وەرە لای خۆم تاکو پێت بڵێیم دەبێ چی بکەی؟ ئێستا برۆ بخەوە. ئەو کیژە هۆدەکەت پێ نیشان دەدا.»

شازادە دەیهەویست شتێکی لێ بپرسێ؛ بەڵام پیرە بەتووڕەیییەوە سوور بۆوە و گوتی: «قسە بکەی زبانت دەبرِم. چما پێم نەگوتووی دەبێ لێرە لاڵ بی و تا شتێکیان لێ نەپرسیوی قسە نەکەی.» شازادە حاڵی بوو کچە بەچاو هێمای بۆ دەکات وەرێ کەوێ. بەخۆی وت: «ئەم کیژە چ لە پیرە ناچێ. هەم کچێکی جوانە و هەم دڵێکی دلۆڤانی هەیە. حەیف و خەسار کە باوکم ئەم کچەی دا بەم پیرە بەدفەڕە.» ئەو شەوە شازادە خەوی لێ نەدەکەوت و کاتێکیش خەوی لێکەوت خەونی سامناکی دەدیت و دایمە لەبەر هاوشاڵی مەترسی دابوو و کچە دەهاتە یارمەتی و ڕزگارکردنی. بەیانی - کە لە خەو هەستا - دیتی کچە خەریکی کارە. لەپاش نیوەڕۆژە خواردن برێک لە باخ و مەزرادا گەڕا؛ بەڵام سەری سووڕما کە - خاتوونی گەورە - دایە گەورەی پیرەی نەدی. لە هۆڵدا ئەسپێکی سپی لێ بوو، لە تەویلەدا گایەکی ڕەش و گۆلکێکی سەر سپی. لە کولانە مریشکەوە دەنگی کەڵەشێر و قاز و مراوی دەهات. نیوەڕۆ و شەویش چێشت هەر



وەک شەوی پێشوو بوو. هەمان پاشماوەی چێشتی پیرە؛ بەڵام شازادە دەیتوانی ئەمانە تاقەت بێنێ، ئەو شتەی تاقەتی نەدەهێنا قسە نەکردن بوو. ڕۆژی دوایی چووە لای پیرە تاکو بزانێ کاری سبەینێ چییە. پیرە گوتی: «سبەی کارت ئاسانە. ئەو داسە هەڵدەگری و بۆ ئەسپە سپی گیا دەدووری و تەویلەکەش خاوێن دەکەیەوە؛ بەڵام بێتوو ئاخوڕی ئەسپە خاڵی بێت یان تەختی عەرزی تەویلە پیس بێت، گیانت دەکێشم.»

شازادە بیری کردەوە بەڵێ ئەو داسی بەدەستەوە نەگرتووە و تەویلەی خاوێن نەکردۆتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کارێکی زۆر چەتوون نییە. شەوێ کاتی خەوتن کە دەیهەویست بخەوێ، کچە پێ بەپەنجە لێی نیزیک بۆوە و پرسیاری کرد: «سبەینێ دەبێ چی بکەی؟» شازادە گوتی: «کارێکی ئاسانە. دەبێ برێک ئاڵف بۆ ئەسپە سپی بدوورم و عەرزی تەویلەکەی خاوێن کەمەوە.»

کیژە گوتی: «بۆت بەداخەوەم لاوۆ! ئەم ئەسپە سپییە کەسێ نییە بێجگە لە هەمان خاتوونی گەورە. ئەو ئەوەندە ئاڵف دەخوا کە بیست کەسیش ناتوانن ئاڵفی ئەو جێبەجێ کەن. دە کەسی بەهێز و زۆرداریش ناتوانن تەویلەکە خاوێن کەنەوە. تۆ هێزی ئەم کارەت نییە باش وایە گوێ لە من بگری. جا جوان گوێم بۆ ڕادێرە و گوێم دەیە. سبەینێ کاتێ ئاڵف بۆ ئەسپە دەبەی، چەڵەمە دارێک و هاڵفەیێک تەنافیش لەگەڵ خۆت بەرە. کاتێ ئەسپە لە تۆی پرسی: ئەم چەڵەمە و تەنافەت بۆ چییە، بەو بڵێ تەناف بۆ ئەوەیە دەمبەستی پێ ساز کەم کە تۆ زۆر نەخۆی و چەڵەمەش دەخەمە ملتەوە تاکو تەویلە پیس نەکەی.»

کیژ ئەمەی گوت و خێرایەکی ڕۆیی. شازادە سبەینێ داسی هەڵگرت و برێکی ئاڵف ڕنی و هاویشتیە بەردەمی ئەسپە. کاتێ ڕۆیی و گەڕاوە، دیتی ئەسپە هەموو ئاڵفەکەی خواردووە و عەرزی تەویلەشی ئەوەندە پیس

کردووە کە دە کەسیش ناتوانن خاوێنی کەنەوە. تازە ئەو کاتە زانی ئەو کیژە چەندە عاقڵە. تەناف و چەڵەمەی هەڵگرت و چوو بۆ تەویلە. ئەسپە پرسیاری کرد: «بەم تەناف و چەڵەمەیە دەتەوێ چی بکەی؟» شازادە گوتی: «شتێکی گرینگ نییە. بێتوو زۆر بخۆی و تەویلە پیس بکەی بەم تەنافە دەمت دەبەستم و ئەم چەڵەمەیەش دەهاومە ملت.» ئەسپە ئاخێکی هەڵکێشا؛ ئیدی نە ئاڵفی خوارد و نە تەویلەی پیس کرد. کاتی نیوەڕۆ پیرە هاتە تەویلە و دیتی هەموو شتێ بەڕێ و جێیە. سەری سووڕما و گوتی: «تۆ بۆخۆت پیاوێکی مدریکی یان کەسێک یارمەتیت دەدا؟»

شازادە گوتی: «کەسێک یارمەتیم نادا، بێجگە لە ئەقڵی ناقسی خۆم.» پیرە زۆر تووڕە بوو؛ بەڵام چی نەگوت و لە تەویلە ڕۆییە دەرێ.کاتی خۆرئاوا شازادەی بانگ کرد و گوتی: «سبەینێ کارێکی زۆرت نییە، هەر مانگا ڕەش بدۆشە، بەڵام بێتوو دڵۆپێ لە شیرەکەی بڕژێ دەتکوژم.» شازادە بیری کردەوە ئەمە کارێکی ئاسانە. دەستەکانم بەهێزن و شیر دەدۆشم. جا مەگەم پیرە پیلانێکی کێشابێ. شەوێ کە دەیهەویست بخەوێ کیژە هاتە لای و کاتێ زانیی دەبێ سبەی چی بکا، گوتی:

«بۆت بەداخەوەم! کاتێ شیری ئەم مانگایە سەر و خوار دادەڕژێ، ئیدی ناوێستێ و لەسەر عەرزی جۆگەلە شیر شۆڕاوگە دەکات؛ بەڵام مەترسە من لێرەم و یارمەتیت دەدەم. بەیانی کە چوویە سۆراغی مانگا ڕەش مەنقەڵێک پڕ لە ڕەژی ئاگرین و گاز ئەنبوورێک لەگەڵ خۆت بەرە و کاتێ گەیشتییە ئەوێ فوو لە ڕەژییەکە بکە و بیگەشێنەوە و گاز ئەنبوورەکەش بنێ نێو ئاورەکە» دوایە پێی گوت بەمانگاکە چی بڵێ و ڕۆیی. سبەی بەیانی کاتێ خۆر هەموو جێیەکی ڕووناک کرد شازادە بەدەستووری کیژەی کرد و لەپاشان چوو بۆ تەویلە. مانگا کاتێ ئەوی دیت پرسی: «ئەم ئاگر و گاز ئەنبوورەت بۆ چییە؟»



شازادە گوتی: «شتێکی گرینگ نییە. ئەنبوورەکە داغ دەکەم. بەمنیان گوتوە بەعزە گیایێک بەدفەڕن و ئازارییان هەیە. من چارەسەرکردنی ئەم کارە دەزانم. شیرەکە دەدۆشم، بێتوو لە دوایە شیری نەوێستێ بەم ئەنبوورە داغە گۆپکی مەمکی دەگرم تا شیرەکەی بوێستێ.» مانگا ڕەش تەماشای کرد و ئاخێکی هەڵکێشا. شازادە مەڕدۆشی بردە پێشێ و شیرەکەی دۆشی بێ ئەوەی دڵۆپە شیرێک زایە بێ. سەعاتێ دواتر سەرو کەللەی پیرە قوت بۆوە و بەوردی تەماشای دەوروبەری کرد بزانێ شیرەکە ڕژاوەتە عەرزی یان نا؛ بەڵام چیی نەدی. پیرە گوتی: «تۆ خۆت زیرەکی یان کەسێک یارمەتیت دەدا؟» شازادە گوتی: «کەسێک یارمەتیم نادا بێجگە لە ئەقڵی ناقسی خۆم.» پیرە لە تووڕەییياندا سوور هەڵگەڕا؛ بەڵام چی نەگوت. کاتێ ئێوارە بەسەرداهات بەشازادەی گوت: «باقەیەکی چکۆڵەی ئاڵف لە دەرکی تەویلەیە، دەبێ بەیانی بیهاوینە ماڵەوە؛ بەڵام بێتوو چڵە پووشێکی چکۆڵەی بەجێ بمێنێ وای بەحاڵت.» شازادە بەزەینیدا هات ئەم کارەیان بەڕاستی ئاسانە. ئاڵفەکە دەکەمە سەر عەڕابە و ئەسپە دەیباتەوە ماڵێ. بەڵام کاتێ کچە هاتە دیتنی و کاری سبەی ئەوی زانی پێی گوت: «ئەو فێڵی لێ کردووی. بێتوو تەواوی خەڵکی دێ حەوتوویێک کار بکەن ناتوانن ئەم کارە تەواو بکەن. لەگەڵکو باوەشێک ئاڵف هەڵگری، کۆمایێک ئاڵف لە جێی قوت دەبێتەوە. دەسا گوێ بگرە چ دەڵێم. بەیانی زوو هەستە، ئەسپە سپی لە تەویلە بێنە دەرێ تەنافێکی ئەستوور پەیدا کە. تەنافەکە لە دەوری ئاڵفەکە ببەستە و خۆت بڕۆ سەر ئاڵفەکە و ببێژە: یێک دوو سێ چوار. هاتوو ئەسپە لە تۆی پرسی چی دەژمێری؟ ئەو شتەی پێت دەڵێم بیلێ. کیژ شازادەی فێر کرد چی بڵێ. بەیانی شازادە زوو لە خەو هەستا ئەسپە سپی کێشا دەرێ و تەنافێکیشی دیتەوە. سواری ئەسپە بوو و چوو بۆ مەزرا و دیتی ئاڵفەکە باقەیەکی چکۆڵە نییە؛ بەڵکو خەڵوار خەڵوار ئاڵف ڕژاوە و هەرچەندە باری بکەن تەواو نابێ. ئاڵفەکەی بەست و

لە پشتی ئەسپەی توند کرد و چووە سەر ئالف و دەستی کرد بەژماردن. ئەسپە پرسی: «چی دەژمێری؟» شازادە گوتی: «ئەو گورگانە دەژمێرم لە کونەکەیان دێنە دەر، تا ئێستا دە دانەم بژاردووە.» ئەسپە کە ئەمەی بیست بەپەلە بەرەو ماڵ ڕایکرد و هەموو ئالفەکە لە نێوەڕاستی حەوشەیە. شازادەش لە قەراخ ئالف وێستاوە.

کابرا تووڕە بوو و گوتی: «تۆ خۆت مدریکی یان کەسێک یارمەتیت دەدا؟» شازادە گوتی: «چ کەسێک یارمەتیم نادا بێجگە لە ئەقڵی ناقسی خۆم.» پیرە سەری ڕاوەشاند و لە ژێر لێوڕا دەستی کردە بۆڵە بۆڵ و ڕۆیی. لای ئێوارە شازادەی بانگ کرد و پێی گوت: «بەیانی دەبێ گوێلکی سەر سپی بەری بۆ لەوەڕ و هیچ نەقەومێ. شازادە بەفیکریدا هات: ئەمە هیچ نییە، من دەتوانم گاڕانێ گوێرەکە بلەوەڕێنم و چ نەقەومێ. بەڵام شەوێ کە کیژ ئەوی دیت پێی گوت ئەم کارە چەتوونە، دەبێ بزانی چۆنت پێ دەڵێم و وابکەی تاکو گوێرەکەت بۆ ئاگادار بکرێ. شازادە جوان گوێی دایە و بەیانی بەپێی ئەمری کچە تەنافێکی هاوریشمی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ مەزرا و لاقی چەپی گوێلکەکەی بەلاقی چەپی خۆیەوە بەست. گوێرەکە وەک سەگێکی بەئەمەگ لە لای دانیشت و تا ئێوارە نەجوولاوە. ئێوارە کە گەڕانەوە بۆ ماڵێ پیرە لە تووڕەییدا شێت ببوو. قسەکانی جارانی بەشازادە گوت و توورەکە گەنمێکی دایە و پێی گوت: «بەیانی من کارێکم بەتۆ نییە. بەڵام دەبێ ئەمشەو ئەم گەنمە بچێنی و ئاوی دەی تاکو شین بن و باش ڕەسیدە بن. پاشان بیاندروویەوە، بیانکوتی. بیانکەیە ئارد و شیرینی پێ ساز کەی. بەیانی کە لە خەو هەستام دەبێ بۆ بەرقەند کولێرە و شیرینی داغ ساز بێ.»

شازادە وای دانا ئەم کارە جێبەجێ نابێ و ئەمجار ناتوانێ بیکا و دەکوژرێ. زۆر ئاڵۆز بوو. کچەی کە دیت پێی گوت پیرە چی پێ گوتووە و



ئەمجارە ڕێگەی دەربازبوونی نییە. خۆی پێ ناساند کە شازادەیە و بۆ ڕزگارکردنی ئەو هاتووە. بەڵام کیژ نە تاجوب ما و نە نارەحەت بوو. بەشازادەی گوت ئەمشەو ئەم توورەکە گەنمە هەڵگرە و بیبە بۆ دەرکی کولانە مریشک کە لەو سەری مەزرایە. لەوێ جنۆکەگەلێک کۆ بوونەتەوە خزمەتکاری ئەم پیرە پیاوەن. هەموو قسەکانی پیرەیان وشە بەوشە بۆ باس بکە و ئەمەش بلێ بێتوو نەتوانن ئەم کارە بکەن دەبێ لە گەورەی ئێوە کە لە سووچێکی دارستاندایە کەڵک وەرگرم. ئەوان زۆر لەو دەترسێن و خاترجەم ئەو کارە دەکەن. شازادە تەواوی ئەم کارانەی بەوردی جێبەجێ کرد و خەوت. بەیانی کە پیرە لە خەو هەستا، دیتی کاسەیێک شیرینی داغ لە قەراخ تەختەکەی دانراوە. شازادەی بانگ کرد و گوتی: «من متمانەم هەیە کەسێک یارمەتیت دەکا، بەڵام گرینگ نییە. من سبەینێ کارێکم پێت نییە. مەگەم، بەیانی ڕاموەشێنە و وەرە ژوور سەرم و هەڵم ئەستێنە.» شازادە تاجوب ما کە ئەمە چ کارێکە؟ ئەمەی بۆ کچە گێڕاوە. کیژ گوتی: «ئەم جادووبازە بەدفەڕە خەیاڵی هەیە بتخوا. بەیانی کە دەچی بۆ لای بێڵ ئاسنێکیش لەگەڵ خۆتدا بەرە.»

بەیانی شازادە بێڵ ئاسنێکی هەڵگرت و بەدەستووری کیژ لە کوورەدا داغی کرد تا ڕەنگی سوور هەڵگەڕا. چووە لای پیرە و هەڵیستاند. کاتێ پیرە گوتی دەستم بگرە با هەستم، شازادە لە بری دەست بێڵ ئاسنەکەی بۆ درێژ کرد. پیرە کە بێڵەکەی دیت گوتی: «من حاڵم چاکە و بۆخۆم دەتوانم لە جێگەم هەستم. ئەمڕۆ دەمهەوێ هەواڵێکی خۆشت بدەمێ. من دەزانم ئێوە ئەم دووانە یەکترتان خۆش دەوێ. دەمهەوێ جەژنێکی گەورەتان بۆ ساز کەم تاکو زەماوەند بکەن.»

شازادە زۆر شادمان بوو. بەچەشنێک کە دەیهەویست لە شادمانیدا وە حەوا کەوێ و هەڵفڕێ و هاوار بکات؛ بەڵام وەبیری هاتەوە پیرە

دەنگەدەنگی پێ ناخۆشە. هیچی نەگوت تا شەوێ. شەوێ کە کیژەی دیت ڕووداوەکەی بۆ باس کرد. بەڵام بەپێچەوانەی چاوەنواڕی خۆی دیتی ڕەنگی کیژ لە ترسان سپی هەڵگەڕا. کیژ گوتی: «پیرە زانیویە من یارمەتیت دەکەم، بەتەمایە من و تۆ پێکەوە بکوژێ؛ دەسا دەبێ ڕابکەین. بەڵام جارێ تۆ بچۆ و بەبێدەنگ گوێرەکەکە بکوژە. لە زگیدا تۆپێکی ڕووناک هەیە هەڵیگرە و بیهێنە.»

شازادە ڕۆیی بۆ تەویلە. گوێلکەکەی کوشت و لە زگیدا تۆپی نوورانی و ڕووناکی دەرهێنا و دای بە کچە. ئەو دووانە لە مەزراوە هەڵاتن و لە دارستاندا بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتن و تۆپی نوورانی هەموو جێیەکی وەک ڕۆژ ڕووناک کردبوو. ئەو نۆکانەی شازادە بەعەرزیدا ڕژاندبوو، شین ببوون و لە گوێنی نیشانەی ڕێنوێنی ڕێگەی بۆ ئەوان وەدەر دەخست.

بەیانی کە پیرە لە خەو هەستا کچە و شازادەی بانگ کرد. بەتەما بوو هەردووکیان بخوات. بەڵام هەرچی کرد و بانگی کرد، وەڵامێکی نەبیست. وای دانا ئەوان خەریکی ساز کردنی کەرەسەی زەماوەندن. هاواری کرد و نەڕاندی هەمدیسان کەس وەڵامی نەداوە. تووڕە بوو و هەر چی ماڵێ گەڕا ئەوانی نەدیتەوە. زانی هەڵاتوون. ڕۆیی و دەرکی کولانە مریشکی کردەوە و بەجندۆکەکانی گوت دەبێ بە هەر لەونێک بێ ئەوان بدۆزنەوە. جندۆکە وەڕێ کەوتن. لەولاوە کیژ و شازادە لە هەردێکدا ڕایان دەکرد، لە ناکاو کچە وێستا و گوتی:

«ئەوان بەدووامانەوەن» کوڕە تەماشای کرد و دیتی هەورێکی ڕەش لە دوورەوە دەرکەوت و زۆر ترسا. کیژ سێ کەڕەت تۆپی نوورانی لە دەستیدا سووڕاند و گوتی:

«ئەی تۆپی نوورانی گوێ بگرە! من لە تۆ یارمەتیم دەوێ؛ من بکە بەزێییێک و ئەویش بکە بە ماسی.»



هێشتا ئەم وشانە لە دەمیەوە دەرنەهاتبوو کە خودی ئەو بوو بەزێییەک و شازادەش بوو بەماسییێک. جندۆکەکان گەیشتنە ئەو جێیە و هەرچی تەماشای دەر و بەریان کرد هیچیان نەدیت. گەڕانەوە و بەپیرەیان گوت لەوێ هیچی لێ نەبوو بێجگە لە زێییەک و ماسییەک. پیرە گوتی: «دەک بەنەعلەت بن. ئەوان خۆیان گۆڕیوەتە سەر زێ و ماسی. بڕۆن ئاوی زێییەکە هەڵلووشن و ماسییەکە بگرن.» جندۆکە بەخێرایی و توندیی (با) وەڕێ کەوتن. لەولاوە کچە و کوڕە دیسانەکە دەستیان کردبوو بەهەڵاتن تا گەیشتنە لێواری زێیەک. کچە ڕاوەستا و گوتی: «شتێکی سەیرە، تۆپی نوورانی بەمن دەڵێ ئەوان هەمیسان بەشوێن ئێمەوەن». کچە تەماشای پشت سەری کرد و هەورێکی لە ئاسماندا دیت کە لە جاری پێشوو تاریکتر بوو. سێ جار تۆپەکەی لە دەستیدا سووڕاند و گوتی: «ئەی تۆپی نوورانی گوێ بگرە! من لە تۆم یارمەتی دەوێ؛ من بکە بە بنە گیایەک و ئەویش بکە بەگوڵە باخێک». لە کات و ساتدا ئەوان بوون بەبنەگیا و گوڵە باخ. جندۆکە هاتن و تەماشای دەوروبەریان کرد هیچیان نەدی، بێجگە لە بنجکێک گوڵەباخ. گەڕانەوە و بۆ پیرەیان گێڕاوە هیچ لەوێ نەبووە بێجگە لە بنجێک گوڵەباخ. پیرە گوتی: «گەوج و گەلحۆی بەلەعنەت کراو، ئەوان خۆیان کردبووە بنجک و گوڵەباخ. بڕۆن و ئەو بنجکە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربێنن و لەسەر ڕێگەتاندا ئەوی دیتان لە بەینی بەرن.»

جندۆکە گەڕانەوە و ئەوەی دیتیان خەراپیان کرد. بەڵام کچە و کوڕە لە حاڵی ڕاکردندا بوون و کچە دیسانەکە پێی زانی هەورێکی ڕەش کە ئەمجارە سووریش بووە بەشوێنیاندا دێ. ئانەن تۆپی نوورانی دەرهێنا و گوتی: «ئەی تۆپی نوورانی گوێ بگرە! من لە تۆ یارمەتیم دەوێ؛ من بکە با و ئەویش بکە مێشوولە.» جندۆکەکان نیزیک بوونەوە و چییان نەدیت و گەڕانەوە هەواڵیان بەپیرە دا. کیژە و شازادە گەڕانەوە قەڵافەتی هەوەڵی

خۆیان. بەڵام کچە و شازادە دەیانزانی پیرە زۆر تووورە بووە و ئەمجارە بۆخۆی بەشوێنیاندا دێ. بەتەواوی هێزەوە هەڵدەهاتن تاکو گەیشتنە ئەو تۆنێلە تاریکە و چوونە نێوی. تۆپی نوورانی ڕێگەیانی ڕووناک دەکرد.

ڕێگە تا دەهات بەرەو خوارتر دەچوو تاکو گەیشتنە گاشەبەردە گەورەکە. کیژە تۆپی نوورانی لە دەستیدا سووڕاند گوتی:

«ئەی تۆپی نوورانی گوێ بگرە! من لە تۆم یارمەتی دەوێ؛ گاشەبەرد لەسەر ڕێمان لابەرە، تاکو ئێمە بتوانین بۆی دەرچین.» لە هەمان کات و ساتدا گاشەبەرد لاچوو و ئەوان خۆیان لەسەر زەویدا دیت. کیژ لە خۆشییان هاواری کێشا و گوتی: «ئێمە ڕزگار بووین. سێحرباز لەسەر زەوی ئیدی هێزێکی نییە.» ئەوان وەڕێ کەوتن و بەرەو کۆشک چوون. شا - کە لە دووری کوڕەکەی زۆر دڵتەنگ بوو - کاتێ ئەوانی دیت نەیدەزانی لە خۆشییان چی بکات. جەژنێکی گەورەیان گرت. شازادە و کیژ پێکەوە زەماوەندیان کرد و لەوە بەدوا بەخۆشی ڕۆژ و ڕۆژگاریان ڕادەبوارد.



# کەروێشکەوان

ڕۆژ و ڕۆژگارێک شایەک هەبوو؛ تاقە کچێکی بوو. شا ئەم کچەی زۆر خۆش دەویست و بەهەمووانی ڕاگەیاندبوو کیژەکەی دەدا بەکەسێک کە سێ کاری تایبەتی پێ جێبەجێ بکرێ، تەنانەت با وەکو ئەم پیاوە کابرایەکی هەرە هەژاری ولاتی ئەوبێ؛ چونکە، کەسێکی بتوانێ ئەم کارە جێبەجێ کات حەتمەن پیاوێکی شیاوە. لە نێزیکانی کۆشکیدا کابرایەکی دێهاتی لەگەڵ سێ کوڕی خۆیدا ماڵێکیان بوو. ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕە گەورەکەی – کە لەوانی دیکە بەهۆش و گۆشتر بوو – بەباوکی وت: «بابە من دەمەوێ بڕۆم و بەختی خۆم بۆ جێبەجێ کردنی ئەو سێ کارەی شا تاقی کەمەوە، من حەتمەن ئەو کارەم بۆ دەکرێ.»

کوڕە ئەمەی وت و بەڕێ کەوت. لە ڕێگادا تووشی پیاوێکی پیری هەژار بوو و هیچ هەمیەتێکی پێ نەدا. تەنانەت کاتێ کابرای پیر سلاوی لێ کرد، وەلامی سلاوەکەشی نەداوە. پیرە پرسیاری کرد!



«لاوۆ بەم پەلە پەلە بۆ کوێ دەچی؟»

کوڕە وەلامی داوە: «بەتۆ چی سۆفی؟»

پیرە وتی: «لاوۆ، بەم ئاکارەوە تۆ هەتە، شانس و ئیقباڵ ڕووت تێ ناکا.»

هەر واشی لێ هات و کوڕە گەورە هەرچی حەولی دا دەستکەوتێکی نەبوو و دەست بەتاڵ گەڕاوە بۆ ماڵێ. کوڕی نێوەنجی کابرای دێهاتی کە ئەویش لاوێکی بەهۆش و گۆش بوو، لە ماڵێ دەرکەوت هەتا شانس و ئیقباڵی خۆی تاقی کاتەوە. بەلام ئەویش فێر نەبوو، ڕێزی ئینسانی گەورە بگرێ. ئەویش کابرای پیری دیت و هەمیەتی نەدایە. دوایەش ئەوەندەی تێکۆشا کەڵکی نەبوو و ئەویش دەست بەتاڵ گەڕاوە بۆ ماڵێ.

کوڕی سێهەمی کابرا – کە لەم دووانە لاوتر و چکۆڵەتر بوو – زۆر بەهۆش و گۆش نەبوو؛ بەلام کوڕێکی بەئەدەب بوو.

ئەم کوڕە بەخۆی وت: هەر دوو براکەم شانس و ئیقباڵی خۆیان تاقی کردەوە، بۆچی منیش وا نەکەم؟ کێ چووزانی؟ بەڵکەم من لەوان بەئیقباڵتر بم؛ بەلام باوکی پێی وت: «دوو براکەت کە لە تۆ زۆر بەهۆش و گۆشترن نەیانتوانی ئەو کارە جێبەجێ بکەن، ئێستا تۆ دەتهەوێ بچی؟ بچۆ؛ بەلام ناتوانی کارێک بکەی.»

بەلام کوڕە ناهومێد نەبوو، ڕۆیی تاکو چاوی بە شا بکەوێ. لە ڕێگادا گەیشتە کابرا پیرە هەژارەکە. کوڕە کلاوی لە سەر خۆی لابرد و سلاوی لە کابرا کرد.

کابرای پیر لێی پرسی: «بۆ کوێ دەچی؟»

کوڕەش هەموو شتێکی بۆ گێڕاوە. پیرە، فیتفیتەیەکی لە گیرفانی خۆی هێنا دەرێ و دای بەکوڕە و وتی:

«ئەم فیتفیتەیە هەڵگرە؛ دەتوانی بەمە ئەوی حەیوانە کۆی کەیەوە.»

کوڕە پێی سەیر بوو؛ بەڵام فیتفیتەکەی وەرگرت. سپاسی کابرای کرد و وەڕێ کەوت. کوڕە گەیشتە کۆشکی شا و ڕایگەیاند بۆ چ کارێک هاتووە. بردیانە لای شا. کوڕە دیتی کچی شا زۆر جوانە. بە شای وت: «من هاتووم هەتا ئەو سێ کارەی دەڵێی جێبەجێی کەم. بێتوو سەرکەوتم دەتوانم لەگەڵ کیژی ئێوەدا زەماوەند بکەم؟»

شا وتی: «من مەرجی پیاوانە دەبەستم، چما بتوانی ئەو کارانەی پێت دەڵێم چارەسەری بکەی دەتوانی دەگەڵ کچی مندا زەماوەند بکەی. ئەم سەد کەروێشکە بەرە کێوی و بیانلەوەڕێنە؛ تەنانەت نابێ یەکێکیان ون ببێ. چما توانیت هەر سەدیان بۆ شەوێ بگەڕێنیەوە ماڵێ، سەرکەوتووی.»

کوڕە کەروێشکەکانی بردە مەزرا و بەڕەڵای کردن. کەروێشک هەر کام لە لایەکەوە هەڵاتن و ون بوون. لە پاشان کوڕە فیتفیتەی لێدا هەتا بزانێ ئەم شتەی پیرە پێی داوە کەڵکی هەیە یان نا؟ فیتفیتەی لێدا؛ کەروێشک تاکو دەنگی فیتفیتەیان بەگوێ گەیشت هەموویان لە کوڕە وەکۆ بوونەوە.

لەو لاوە شا بە شاژنی وت: «فیکرم پەرۆشە؛ نەکا ئەم لاوە بتوانێ دەروەستی ئەم کارە بێ. تۆ بچۆ بۆ ئەوێ، فریوی دە و یەکێ لە کەروێشکەکانی یان بەسەوقات لێ بستێنە یان لێی بکڕە.» شاژن سەلماندی و جلوبەرگی ژنە دێهاتییەکی لەبەر کرد و چوو بۆ مەزرا؛ کوڕەی لە خەو هەستاند و پێی وت:

«کوڕی باش کەروێشکێ لەم کەروێشکانە بەسەوقات بدە بە من.»

کوڕە گوتی: «من ناتوانم ئەو کارە بکەم.»

شاژن وتی: «دەیجا کە وایە یەکیانم پێ بفرۆشە.»

کوڕە زانیبووی ئەم ژنە لە لای شاوە هاتووە؛ دەیجا وتی:



«باشە؛ بەڵام نرخی ئەم کەروێشکانە زۆر گرانە. من لە بری یەکێ لەمانە ئەو ئەنگوستیلە بچووکەی قامکی تۆم دەوێ.»

شاژن فیکری کردەوە بەم چەشنە کاری کوڕە بێ ئاکام دەکات؛ دەسا قەبووڵی کرد. کەروێشکەکەی گرت و لە قەرتاڵەیەکی هاویشت و ڕۆیی. کوڕە چەند خولەکێ دەستی ڕاگرت و دوایە فیتفیتەی لێدا و کەروێشکەکە تاکو دەنگەکەی گەیشتە گوێ، لە قەرتاڵە دەرپەڕی و بەرەو کوڕە گەڕاوە. شاژن نەیدەزانی چی بکا.

کاتی خۆرئاوا کوڕە کەروێشکەکانی وەکۆ کردەوە و بەرەو کۆشکی شا گەڕاوە. شا، کەروێشکەکانی ژمارد و دیتی تەواون و تەنانەت یەکیشیان لێ کەم نەبۆتەوە. شا لە ناخیدا زۆر تووڕە بوو؛ بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا و بەکوڕەی وت:

«سبەینێ بەیانی وەرە بۆ کۆشک هەتا پێت بڵێم کارم پێت چییە!»

بەیانی ڕۆژی دووهەم – کاتێ کوڕە دەچوو بۆ کۆشکی شا – کابرای پیرەی دیت لە قەراغ ڕێگادا دانیشتووە. سڵاوی لێ کرد و هەموو شتێکی بۆ گێڕاوە. پیرە زوورنایەکی گەورەی دایە و وتی: شا ڕەوە ئەسپێکت دەداتێ و تۆ بەم زوورنایە دەتوانی ئەسپەکان وەکۆ کەیەوە. کوڕە سوپاسی کابرای پیرەی کرد و چوو بۆ کۆشکی شا. شا پێی وت دەبێ ئەمڕۆکە سەد ئەسپ بەرێتە مەزرا و بیانلەوەڕێنی و شەوێ بیانهێنیتەوە و ئەسپێک کەم نەبێتەوە.

کوڕە بڕیاری دا زوورناکە تاقی کاتەوە. زوورناکەی لێدا، هەموو ئەسپەکان بەغاردان گەڕانەوەو کۆ بوونەوە.

لەولاوە شا ترسابوو نەکا کوڕە هەر سەد ئەسپەکە ساغ و سەلامەت بێنێتەوە. تکای لە شاژن کرد بچێت و بەزمان لووسی ئەسپێک لە کوڕەیا بکڕێ، یان بی ئەستێنێ؛ بەڵام شاژن نەیسەلماند و وتی: «ئەم کوڕە

زیرەکترە لەوەی بەم قسانە هەڵخەڵەتێ و لە لایەکی دیکەوە خۆشم لە ئەسپ دەترسم». دەیجا شا دیتی هیچ چارە نییە. خۆی گۆڕی و وا خۆی گۆڕی کەس نەیناسێتەوە. سواری وڵاغێک بوو و چوو بۆ مەزرا.

شا لە مەزرا کوڕەی دیت و زۆر زبان لووسانە دەستی کردە قسە لەگەڵ ئەو لاوە؛ وتی: «کابرایەکی دێهاتی بێ پوولم. دەبێ ڕێگایەکی دوور ببڕم و بەم وڵاخەوە ناتوانم. ئەگەر دەکرێ ئەسپێ لەم ئەسپانەم بدەرێ. منیش ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم کارەی تۆ وەڵام دەدەمەوە». کوڕە وتی باشە قەیناکە؛ بەڵام بەو مەرجەی تۆش کڵاوەکەتم بدەیەی. شا پێی خۆش نەبوو هیچ بدا بەکوڕە؛ بەڵام چاری نەبوو. لەبەرئەوەی دەیهەویست بەهەر لەونێک ئەسپێک لە کوڕە بستێنێ. شا کڵاوەکەی دا و ئەسپەی وەرگرت و لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە بۆ کۆشک. ئەسپەی لە تەویلەدا بەستەوە و دەرکی تەویلەشی قفڵ کرد. زۆریش شاد بوو کە فێڵی لە کوڕە کردووە.

لەم لاوە کوڕە زووڕنای تووراند. ئەسپەکە گوێی لە دەنگی زووڕناکە بوو؛ لە پێشدا تەناف و هەوساری پساند لە پاشان بەلەقە دەرگای تەویلەشی شکاند و هاتە دەرێ و بەرەو مەزرا ڕایکرد.

بەرەبەرە هەوا تاریک بوو شەو بەسەرداهات. کوڕە ئەسپەکانی کۆ کردەوە و بەرەو کۆشکی شا گەڕاوە و هەر سەد ئەسپەی داوە دەست شا. شا زۆر پێی ناخۆش بوو؛ بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا. ڕۆژی سێهەم شا توورەکەیەکی گەورەی دایە دەست کوڕە و پێی وت دەبێ ئەم توورەکەیە پڕ کەی لە درۆ، دەنا تەمێت دەکەم.

کوڕە توورەکەکەی وەرگرت؛ سەری پێدا کرد و دەستی کرد بە درۆ وتن. هەر وتی و ڕستی؛ بەڵام توورەکە پڕ نەبوو. کوڕە بەخۆی وت ئەوەندەی درۆم وت و وت کەڵکی نەبوو و توورەکە پڕ نەبوو، ئەم کەڕەتە قسەی ڕاست دەکەم بەشکم توورەکە پڕ بێت.



کوڕە دەستی کرد بەگێڕانەوەی سەربوردی خۆی کە چۆن مەجبوور بووە سەد کەروێشک لە مەزرا بلەوەڕێنێ و چۆن شاژن هات و دەیهەویست کڵاوی بکاتە سەر. شا دەستی کرد بەپێکەنین. لە پاشان کوڕە چۆنیەتی بردنی ئەسپەکەی بۆ مەزرایە گێڕاوە و باسی کرد کە چۆن شا هاتە مەزرا هەتا هەڵیخەڵەتێنێ و ئەسپێکی لێ بستێنێ و ئەو توانی ئەسپەکە لە شا بستێنێتەوە.

کاتێ گەیشتە ئێرە، شا توورە بوو و نەڕاندی:

«دەرگای توورەکەکە داخە، توورەکەکە پڕ بووە.»

شا چی دیکە ئیزنی نەدا کوڕە تاقە وشەیەک قسان بکات. شا کە دۆڕاندبووی، ئیدی چارەیەکی نەبوو؛ ئیزنی دا کوڕە لەگەڵ کیژەکەیدا زەماوەند بکات.

# ئەو کوڕەی بوو بە شا

لە زەمانی زوودا، لە نێو دارستانێکی چڕ و پڕدا کابرایەک لەگەڵ سێ کوڕی خۆیدا دەژیا. ئەم باوکە کوڕانی یەکەم و دووهەمی خۆی خۆش دەویست؛ بەڵام کوڕە بچووکەکەی خۆی کەمتر بەلاوە خۆشەویست بوو. هەر بەم هۆیەوە برا گەورەکان لەگەڵ ئەم برا بچووکە خراپ دەجووڵانەوە. هەموو کارە چەتوون و دژوارەکانیان بەو دەکرد، هەر خواردەمەنییەکی پێیان خۆش نەبایە، دەیاندا بەم. هەر جلوبەرگێ پێیان جوان نەبایە و لەبەریان نەکردبایە، دەیانهاویشتە بەردەمی ئەو هەتا لەبەری کات. هەر کاتێ ئەم برایە قسەی دەکرد، براکانی دیکە گەپیان پێدەدا.

کاری ئەم کوڕە بزن لەوەڕاندن بوو. مەجبوور بوو هەموو ڕۆژێ بزنەکان بۆ لەوەڕاندن بەرێ بۆ مەزرا. هەموو ڕۆژێ ئەمە کاری بوو و لەبەرئەوەی کاتێکی زۆر بەتەنیا بوو، زۆری فیکر دەکردەوە و دڵی پێوە بوو جیهانی ئەو لای دارستان بدینێ. ڕۆژێ لە ڕۆژان کە بزنەکانی بردبوو بۆ لەوەڕاندن،



ئیدی وزەی نەما و بەرێ کەوت و ڕۆیی تاکو خۆرئاوا بوو. لە دارێک وەسەرکەوت و خۆی بەڕێسمانێک بەدارەکەوە بەستەوە تا نەکەوێتە خوارەوە. هەر لەو سەرە شێوی خۆی خوارد، شێوەکەشی نانی جۆین و پەنیر و شیری بزن بوو. لە دوایە بۆی خەوت و هەمیسان سبەینێ بەڕێ کەوت و ڕۆیی و ڕۆیی و ڕۆیی، هەتا شەو بەسەرداهات و دیسان لە سەر داران خەوت. چوار ڕۆژان ڕۆیی بەڵام هەر لە دارستاندا بوو، هەتا ڕۆژی پێنجەم گوێی لە دەنگی دارکونکەرەیەک بوو. بەرەو دەنگەکە چوو و لە ناکاودا بۆی دەرکەوت دارستان تەواو بووە و لە دوورەوە شارێک دیارە.

کوڕە ڕۆیی تا گەیشتە شارەکە. شارێکی شیاوی سەیرکردن بوو و کوڕە دەستی کرد بەتەماشا و سەیرانی شار و شەقام و بازاڕ و خەڵکی. بەڵام لێی ڕوون بۆوە خەڵکی زۆر خەمین و دڵتەنگن و پارچەی ڕەشیان لە دیواران داوە. لە کابرایەکی پرسیار کرد:

«ئەرێ کاکە ئەوە بۆ خەڵکی ئەم شارە خەمین و دڵتەنگن؟»

کابرا وتی: «وا دیارە خەڵکی ئەم شارە نیی و هەواڵی هیچت نییە. ئەژدیهای جادوو سبەینێ کچی شا دەگەڵ خۆیدا دەبا. هەموو ساڵێ دەبێ کچێک بدەینە ئەم هەژدیهایە، ئەگینا شارەکە وەک بەری دەست تەخت و خاپوور دەکا. ئەمساڵ بەپشک هەڵاویشتن نێوی کچی شا وەبەر کەوتووە.»

کوڕە پرسیاری کرد: «ئەی بۆچی کەسێک دەگەڵ هەژدیهاکە بەشەڕ نایە؟»

کابرا وتی: «کەسێک نییە زات و وەرەی شەڕ کردنی دەگەڵ هەژدیهای هەبێ. با وەکو شا هەر کەسێ ئازایەتی ئەوەی هەبێ هەژدیهاکە بکوژێ. هەم کیژەکەی خۆی دەداتێ و هەم دەیکاتە جێگری خۆی.»

کوڕە وتی: «من دەگەڵ ئەم هەژدیهایە بەشەڕ دێم. من بەرە بۆ لای ئەو.»

کاتێ شا ئاگادار کرا کەسێک هاتووە وەرەی شەڕ کردن دەگەڵ هەژدیهاکە

هەیە، زۆر شادمان بوو و مەرجی بەست کوڕە هەر چەکێکی بیهەوێ، شا بیداتێ: تەورداس، شیر، ڕم، گۆپاڵ. بەڵام کوڕە تەوری هەڵبژارد و وتی:

«من هێمان لەوانی دیکە کەڵکم وەرنەگرتووە، بەڵام چەشنی کاری تەورداس دەزانم.»

کوڕە تەورداسێکی هەڵگرت. بۆ بەیانیدا شا کچەی برد بۆ دارستان و بەزنجیر بەدارێکەوەی بەست. شا لە پاشان بەچاوی گریان و دڵی خەمبارەوە لەگەڵ کچە ماڵئاوایی کرد. کچەش گریا. بەڵام کوڕە پێی وت مەترسێ و خەیاڵاتی خراپ نەکا. کوڕە لە پاشان بڕێکی دار و پووش و پەڵاش کۆ کردەوە و ئاگرێکی ساز کرد، هەتا خۆی گەرم کاتەوە. لە پاش چەند خولەکێ سەر و پۆتراکی هەژدیها دەرکەوت. هەژدیهاکە نەعرەتەی بەسامی لێدەدا و دەهاتە پێشێ. کچە زۆر ترسابوو، لە جێی خۆی نەجووڵاوە. بەڵام کوڕە دەستی ڕاگرت تاکو هەژدیهاکە نزیک بۆوە و لەو کاتەدا کۆڵکە دارێکی ئاگرینی هاویشتە نێو زاری هەژدیهاوە. هەژدیهاکە لە ئێشدا زیاتر زاری کردەوە و کوڕەش ئاگرێکی زیاتری کردە دەم و زارییەوە. هەژدیها نەعرەتەی لێدەدا و بەسەر عەرزدا دەتلاوە. کوڕە دەستی دایە تەورداس وەک ئەوەی دار بشکێنێ، هەژدیهاکەی لەت و پەت کرد. کچە کە لە هەوەڵڕا لە ترسان زبانی لە گۆ کەوتبوو، ئەم کەرەتە لە خۆشحاڵیدا دەگریا.

خۆرئاوابوو. شا و دەست و پێوەندەکانی هاتن بۆ دارستان و کاتێ کچەیان بەزیندوویی دیت نەیاندەزانی پێبکەنن یان بگرین.

شا هەر وەکو مەرجی بەستبوو زەماوەندێکی گەورەی گرت و کچەکەی پێشکەشی کوڕە کرد. کیژی شا و کوڕە بەینێک پێکەوە بەخێر و خۆشی ژیانیان گوزەراند و لە پاشان کوڕە بڕیاری دا سەرێک لە ماڵی بابی بدا. دەیجا دەگەڵ خێزانی سواری فایتوون بوون و بەرەو دارستان وەڕێ کەوتن.



کاتێ گەیشتنە نیزیک ماڵی کوڕە، کوڕە لیباسی شایانەی لەبەردا بوو، ئەوانەی داکەند و هەمان جلوبەرگی فەقیرانەی زووی خۆی لەبەر کرد شازادە خانمی فێر کرد چی بکات. شازادە خانم زووتر لەو چووە ماڵی ئەوان. کوڕەش بزنەکانی لە دارستان دۆزییەوە و وەکۆی کردنەوە و بەرەو ماڵێ بەڕێ کەوت. براکانی کاتێ ئەویان دیت وتیان:

«هەتیوە تەوەزلە تا ئێستا لە کوێ بووی؟»

کوڕە وتی: «هەر لەم دەور و بەرانە.» لە پاشان سڵاوی لە بابی کرد و وتی:

«چووبوومە شار و مرۆیەکی زۆرم دیت و ئەوان بەرێزەوە لەگەڵ من جووڵانەوە.»

بابی وتی: «لە بری ئەم قسانە شیری بزنەکان بدۆشە؛ چونکە شازادە خانمێکمان لێ میوانە.»

کوڕە بەسەر خۆی نەهێنا و وتی: «چەند ڕۆژێ کە لە ماڵ نەبووم ئەم بزنانە هار بوون و ئێستاش شیر نادەن؛ شازادە خانم و مازادە خانمیش ناناسن.»

کوڕە لە پاشان چووە ژوورەوە هەتا خواردەمەنییەک بخوات. لەسەر مێز دانیشت. هەر تەماشای شازادە خانمیشی نەکرد کە بەرەوڕووی ئەو دەگەڵ قەرەواشەکەی لە شانی ئاگرێکدا دانیشتبوون. کوڕە مڵچە مڵچ دەستی کرد بەنان و پەنیر خواردن.

چەند خولەکێ دواتر کە دایکی خواردەمەنییەکی ساز کردبوو، بەبراکانی کوڕەی وت بیبەن بۆ شازادە خانم. بەڵام ئەوان لە ڕوویان هەڵنەدەهات؛ کوڕە وتی: «ئەمە خۆ هیچ نییە، بیدەن بەمن بۆی بەرم.»

کوڕە کاسە چێشتی هەڵگرت و لەبەردەمی شازادە خانمدا توند

بەمێزەکەیدا کوتا. واشی بەمێزدا کوتا، چێشتەکە بەسەر مێزەکەدا ڕژا. شازادە خانم وەپێکەنین کەوت. بەڵام دایکی کوڕە ناڕەحەت بوو وتی: «کوڕە بەم کارانەت ئابڕوومان دەبەی.»

کوڕە وتی: «شازادە خانم ناڕەحەت نابێ؛ شایکە خەریکە پێدەکەنێ.»

لە پاشان کاسە ئاشی بردە پێشێ و لەسەر مێزەکەی دانا. ئاش بەسەر لیباسی شازادە خانمدا ڕژا. کوڕە وتی: «ناڕەحەت مەبن، ئەو جلوبەرگی زۆرە و بایەخی ناداتێ.»

بەڵام شازادە خانم لەم گاڵتە و گەپ و گەمەیە بەجارێ وەپێکەنین کەوتبوو. ئەوەندە باب و دایکی کوڕە زیاتر قەڵس و تووڕە دەبوون، کوڕە زیاتر ترشێت بازاڕی دەردێنا. هەتا شازادە خانم وتی: «من خۆشم لەم لاوە هاتووە؛ هەواڵ بۆ بابم دەنێرم و دەڵێم دەمهەوێ دەگەڵ ئەم کوڕەدا زەماوەند بکەم.»

دای و باب و براکانی کوڕە لە سەرسوڕماندا نەیاندەزانی چی بڵێن. کوڕەش دەستێ جلوبەرگی زۆر جوانی لەبەر کرد. قەڵافەتی ڕاست وەکوو شازادەیەکی لێهات و ئەمجار تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ دای و باب و براکانی گێڕاوە و پێی وتن لە دەست ئەوان تووڕە و ناڕەزا و ناڕەحەت نییە. سەوقاتێکی زۆری پێشکەش کردن و لە پاشان لەگەڵ خێزانیدا گەڕانەوە بۆ کۆشکی خۆیان.

تاکو ئەو جێیەی ئێمە هەواڵمان هەیە ئەم کوڕە و شازادە خانم هێمان بەخێر و خۆشی ژیان ڕادەبوێرن.



"پاشەکی بۆ ئەم ئەفسانانە"

## دیسان ئەفسانە؟

لە خەزێنەی فۆلکلۆردا – وەکو گەنجێکی بێ کۆتایی – ڕەنگە شیرینترین بەش ئەفسانە بێ. ئەفسانە لە زاتی خۆیدا خەون و خولیای عەداڵەت و ڕزگاری و یەکسانی خوازی جەماوەرە بەگشتی و مرۆڤی ئاساییە بەتایبەتی. بەداخەوە ئەوەندەی فەرهەنگی زارەکی مرۆڤی کورد دەوڵەمەندە – بەتایبەت لە بەستێنی ئەفسانەدا – هەزار ئەوەندە و بگرە زیاتر زانستی ئەفسانە ناسیمان هەژار و لاوازە. «ولادیمیر پراپ» – ئەفسانەناسی ڕووسی – دەبێژێ: «لە حاڵێکدا زانستگەلی وەکو فیزیک و کیمیا و ماتماتیک، خاوەنی پۆلێن کردنی ڕێک و پێک و زاراوەی یەکگرتوون و لە کۆنگرە زانستی و پسپۆڕییەکاندا دەنووسرێنەوە و لە لایەن مامۆستایانەوە بۆ قوتابیان دەگوازرێنەوە؛ کارێکی ئاوامان نە لە چیرۆک و نە لە ئەفسانەکاندا نییە و جۆرانجۆری و ئاڵۆزبوونی کەرەسەی کار و بیچم و چارەسەرکردنی گیروگرفتی ئەفسانە بەوردی هەر دێ و دژوارتر دەبێ.» ئەمە هاواری مامۆستایەکی گەورەی بواری ئەفسانەناسین لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەکو ڕووسیا دایە؛ جا ئێمەی کورد کە نە سەدی یەکی ئەفسانەکانمان کۆ کردۆتەوە و نە هیچ کارێکی پسپۆڕانەمان لەسەر کردوون، حاڵ و باڵمان لەم بەستێنەدا دەبێ چۆن بێ؟ ئەوەتا هەر بەهۆی ئەم بێ مووبالاتییەوە کە چیرۆک نووسینی کوردی لە پاش نێزیکەی سەد ساڵ هەوڵ و تەقەلای نووسەرانمان ناچێتە قەوارەی هونەری پەسندەوە و مۆرکی کوردی پێوە نانووسێ. هاوار و ڕەنج زۆرە و دەرفەت کەم، مرۆڤی ئێمە خەون و خولیاکانیان لە قەوارەی ئەفسانەدا دەربڕیوە و ئەفسانەکانمان لێوڕێژە لە جوانی و هونەر و عەداڵەت و ڕزگاریخوازی و بگرە

قوتابخانەیەکن بۆ ئەفراندن و داهێنانی جوانی و فێرکاری و یەکسانی و برایەتیخوازی. لە ئەفسانەدا زۆرجار «شا» زاڵم و بێ خێرە و جەماوەر لە ناخۆشەویستییان بەوەجاخ کوێریان دەچوێنێ و هەموو وەسفی ئەفسانە دەبێتە ئاواتخوازی بۆ لە دایک بوونی شازادەیەک کە پیاوچاک و مرۆپەروەر و دادگەر بێت. هەر کاتێکیش زوڵم و زۆری حاکمێک لە ڕادەی تابشت تێپەڕێ، ئەوا شا یان حاکم بەدێو و ئەژدیها دەشوبهێنن و جەماوەر دەستەو دۆعای سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی سوارچاکێکی جوامێر و ئازا دەبن هەتا ڕاپەڕێ و ناحەزی «پاشا، دێو، ئەژدیها، جادووباز» لە سەر ڕووی زەوی بسڕێتەوە. دەبا خۆمان زۆر یەخسیری ڕاڤەی واتای ئەفسانە نەکەین، لەبەرئەوەی لە کورتە وتارێکدا ناکرێ و ناتوانین ئەم شیکارییە بەئاکامێک بگەیەنین. وەلحاسڵ «میلەر» ئەفسانەناسی ئەورووپی بۆ ناسین و سەرەندەری لە ئەوسانە، ئەفسانەکان بەگشتی لە سێ دەستەدا پۆلێن دەکا:

١- ئەفسانەی پەری و جندۆکە.

٢- ئەفسانەی ژیانی ڕۆژانە.

٣- ئەفسانە گەلی سەبارەت بەگیانلەبەرانێ بێجگە لە ئینسان وەکی باڵندان و حەیوانات.

بەڵام ئەم پۆلێنکردنە لەلایەن کەسانێ وەک ئافاناسیۆف نووسەری ڕووسیا کە زیاتر لە چوارده ئەفسانەی کۆ کردۆتەوە و بڵاوی کردوونەوە، ڕەفز کراوەتەوە. لەبەرئەوەی کە هەر چاو لە کەسێتی ئەفسانە کراوە؛ کەچی دەبایە بنەماش (structure) لەبەر چاو گیرابایە. ناسینی ئەفسانە و سەردەرهێنان لە پۆلێنکردن و واتاکان و چێژبردن لە جوانی هونەری و خەیاڵات و خولیاکانی نێو ئەفسانە ئەرکی نووسەران و دایک و باب و مامۆستایانە، چونکە گێڕانەوەی ئەفسانە وەک کاری ئەدەبی بۆ کۆمەڵگا - نەک هەر زارەکی، بەڵکو بەنووسینەوە و بڵاوکردنەوە و ڕاڤەکردن لە



قەوارەی کتێب و بڵاڤۆکدا لەلایەن نووسەرانەوە - هەروەها ئەفسانە خوێندنەوە و گێڕانەوە لە لایەن دای و بابەوە بۆ منداڵانیان و لەلایەن مامۆستایانەوە بۆ قوتابیان تێفکرین و هەستی ئەدەبی و هونەری و جوانی ناسین و هەست و سۆزی جوامێری و ڕزگاریخوازی و یەکسانی ویستی و دادپەروەری لە نەوەی داهاتوومان‌دا بەهێز و نەمر دەکات و منداڵان و لاوەکانمان بەرەو کەلەپووری نەتەوایەتی و کارێکی بایەخدار ڕێنوێنی دەکات و هەروەها خەیاڵات پەروەری هونەری و ئەدەبی بەهێز دەبێ.

کورتی ببڕینەوە، بۆ وێنە لە ئەفسانەی «شازادەی بەئەمەگ» دا کە دوا بەدوای ئەم وتارە دەیخوێنینەوە جارێکی دیکەش بانگاشەی دادپەروەری و ئەمەگداری و جوامێری دەگاتە گوێمان و کەڕەتێکی دیکەش خۆزیا و هیوا و چاوەنوارڕبوونی پیاوچاک و ڕزگاریخواز لە ئەفسانەدا دەنگ و ڕەنگ دەداتەوە و کاریگەری بەسەر هەست وسۆز و دەروونمانەوە دەبێ. بینای ئەفسانەکەمان لە سەر بەربەرەکانێی نێوان خێر و شەڕ و کۆیلایەتی و ڕزگاری دامەزراوە. ئەم ئەفسانەیە بەپێی پۆلێنکردن دەچێتە ڕیزی ئەفسانەی جنۆکە و پەرییەوە. «شا» سەمبۆلی دلڕەقییە و بەبێ هیچ بەزەییەک منداڵی خەڵک دەداتە دەست جامباز و دێوێک و دڵسۆزی بێجگە لە خۆی و پلە و پایە و ماڵ و منداڵی خۆی، بۆ هیچ کەسێکی دیکە نییە. جامباز و جادووگەر و دێو ڕوخساری شاراوە یان ڕوخساری دووهەمی شایە و ئەم دیو و ئەو دیوی پارەیەکن. کیژی کۆیلەی جامبازی دێو، دەگەڵ شازادە، ڕۆڵەکانی وڵات و کۆمەڵگان و چاوی ئاوات و هیوای خەڵک بۆ دوا ڕۆژی ڕوون و ڕزگاربوون لە دەست بێ بەزەیی پاشا و زوڵم و خراپەی ئاکار و کردەوەی ئەو کە لێرەدا لە کردەی جامبازدا بەرچاو دەکەوێ، لە نەوەی لاو و بەرەی داهاتوو. کردەوەکانی جادووباز و ئەو سێ مەرجەی بۆ شازادەی دادەنێ هەمان بێدادگەری و تاڵان و بڕۆیە کە وا لەخەڵک و جەماوەری ئەوان سەردەم کراوە. ئەم ئەفسانەیە تەژی ڕووداو و

کەلاوی خەون و خەیاڵات و داهێنانی هونەرییە. هەر لە ڕاپەڕین و بەڕێکەوتنی شازادە بۆ ڕزگارکردنی کیژ هەتا کۆتایی ئەفسانە، ڕووداو لە پاش ڕووداو و لێقەومان بەدوای لێقەوماندا قوت دەبنەوە و خوێنەر بەچێژ و تامەزرۆییەوە بەناخی ئەفسانەدا شۆڕ دەبێتەوە.

باوەکو ئەسڵی ئەفسانەکە و گرداری کتێبەکە ئی ڕووسیانی، بەڵام بەبێ ئەم ئاماژەیە هیچ کەسێ سەرەندەری ڕووسی بوونی ئەم بەرهەمە ناکات. بۆچی و لەبەرچی؟ چونکە قسەی دڵی گەلان یەکە. خۆزیا و خەون و خولیاکان یەکن. بەو خۆزیایەوە ئاوڕێک لە ئەدەبی زارەکی و کەلەپووری خۆمان بدەینەوە و فۆلکلۆرەکەمان گرد و کۆ کەینە و بەو هیوایەی زانستی ناسینی میراتەکەمان ببێ و ناسینێکی زانستیمان لەسەر میراتەکەمان هەبێ.

حوسێن شێربەگی



# پێرست


داربڕی دلۆڤان ........ 7

ورچ و کیژی دلۆڤان ........ 9

ئاوێنەی جادوو ........ 15

باڵندەی سپی ........ 27

پاشای کارگەکان ........ 39

ڕاوێژکاری فرەزان ........ 49

شازادەی بەئەمەگ ........ 63

کەروێشکەوان ........ 79

ئەو کوڕەی بوو بە شا ........ 87